# هاشم

دەربازبوویەکی کۆمەڵکوژی ئەنفال

بەسەرهاتی ئەو پیاوەی لە دۆزەخی ئەنفال گەڕایەوە

عومەر محەمەد

Omerm2006@yahoo.com

لەسەر ئەرکی د. تەها رەسوڵ چاپکراوە

سلێمانی

٢٠١٣

پێشکەشە بە:

- دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ .

- تاقانەکانی دوای ئەنفال ئەو مرۆڤانەی لەخانەوادەکەیان تاکە یەک کەسیان لەتاوانی ئەنفال دەربازبووە.

- بە منداڵە چاوگەشەکانم (لۆڤان و لاس و لەری)

ناوی کتێب: هاشم

بابەت: مێژوویی

نووسەر: عومەر محەمەد

چاپ: چاپی یەکەم- ٢٠١٣

چاپخانە: چوارچرا

تیراژ: هەزار دانە

دیزاین: ئازاد حاجی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٠٤٢)ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە



بەسەرهاتی دەربازبوویەکی کۆمەڵکوژی ئەنفال

لە گوندی کورێمێ

قۆناغی هەشتەمی ئەنفالی ناوچەی بادینان.

١٩٨٨/٨/٢٨

# ووتەی بەرایی

خوێنەری خۆشەویست

ئەم کتێبەی بەردەستت شایانی خوێندنەوەیە، ئەوەش لەبەرئەوەنا کە کتێبێکی دانسقەیەو لە ئاستێکی هونەری بەرزدا نوسراوەو چاپکراوە. نا بەپێچەوانەوە بێ دوودڵی دەڵێم بێ خەوش و کەموکوڕی نییە، بەڵام بەسەرهاتەکە گرنگ و دانسقەیە، ئەگەرچی بەشبەحاڵی خۆم هە تا ئێستا هەوڵی کەسانی تر لەم بارەیەوە بەکەم ناگرم، بەتایبەتیش راپۆرتەکەی ڕێکخراوی میدڵ ئیست ووٚچ، بە گەورەترین و بایەخدارترین بەرهەم دەزانم دەربارەی تاوانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کورد بەگشتی و دەربازبوانی کۆمەڵکوژی بەتایبەتی کە لەلایەن دوو لێکۆڵیاری بە ئەزمون و شارەزای داکۆکیکار لەمافی مرۆڤەوە نوسراوە ئەوانیش یوست هیڵتەرمانی بەرەگەز هۆڵەندی و جیمیرا رۆن)ن کە وەکو دەبینین زۆر بێلایەنانەو راستگۆیانە بەفراوانی لە سەر ئەنفال و جینۆساید قەزاوەت دەکەن. بەڵام بەو حاڵەشەوە کە کون و کەلەبەری زۆریان تەی کردووەو بە دوای سەرەداوەکانی ئەنفالدا گەراون کەچی هێشتا ئەوە لەلای من پرسیارێکی بێ وەڵامەو نازانم بۆچی هیچکام لە دەربازبوانی کۆمەڵکوژی کورێمیان نەدواندووەو بۆچی وەکو ئەو شەش دەربازبووەکەی تری گەرمیان نەبوونە بەشێک لەو راپۆرتە..؟! لەکاتێکدا بەدرێژی باسوخواس لەسەر کۆمەڵکوژی کورێمێ کراوەو تەنانەت زانیویشیانە شەش کەس لەکۆی ۳۳ کەس لەکۆمەڵکوژییەک دەربازبوون..؟! لەبەرئەوە بەزیادەرۆیی مەزانن کە بڵێم پێویست دەکات

هەموو خوێندەوارێک و مرۆڤدۆستێک بەتایبەتیش کورد بەسەرهاتەکەی هاشم بخوێنێتەوە.

بە هیوام چیدی روناکبیران و ڕۆژنامەنوسان و لێکۆڵیاران بەتایبەتیش زانکۆکانمان بەبێباکیەوە لەو دۆسێیانە نەروانن کە من بەشبەحاڵی خۆم وا ٨ ساڵی تەمەنم بەخۆبەخش بۆ تەرخان کردوون بێئەوەی هیچ بەرهەمێکم لەم پێناوەدا بۆ فرۆشتن بێت. بەهیوام ئیتر ئەو تاوانەو بەسەرهاتی قوربانییەکان توێژینەوەی باش و تەندروستیان لەسەر بکرێت. هەربە ڕاستی ئێمەی کوردو بە پلەی یەکەمیش خوێندەواران و رۆشنبیران و قوربانیانی جینۆساید قەرزاری کارە پڕ بەهاکەی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ (هیومان ڕایتس وۆچ)ین. بەڵام هەقە ئەو پرسیارەش لەخۆمان بکەین تاکەی چاوەڕوانی ئەو رێکخراوانە بین کە وەها کارێکمان بۆ ئەنجامبدەن..؟ ئەی مەگەر بۆخۆمان ئەرکمان چییە..؟ لە چیمان کەمە..؟ بێگومانم ئەگەر بێباکی و خەمساردی نەبێت لەتواناماندایە کاری گرنگ بکەین لەم بواردەدا.

بەهیوام پێکەوە لەگەڵ دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان بتوانین خزمەتێک بەم دۆسییە بگەیەنین و ئەوەندەی لە توانادا بێت بەسەرهات و چیرۆکەکانی قوربانیانی جینۆساید بنوسینەوە. چونکە ئەگەر خۆمانی لێ گیل نەکەین هەموومان دەزانین لە ساڵی ١٩٨٨ ەوە لەگەڵ مردنی هەر مرۆڤێکی کوردا زیاد لە چیرۆکێکیشمان دەمرێ و دەچێتە ژێرگڵ. من لەدڵەوە سوپاسی بێ سنورم بۆ کاک «د. تەها رەسول» هەیە کە

ئامادەیی دەربرییوەو بریاریدا لەمەڕ ئەم دۆسێی تاوانە جینۆسایدیە ئەم کتێبەم بۆ چاپ بکەن. کە ئاماژەیە بە تاوانێکی نێودەوڵەتی و شیرازەی کۆمەڵگەی کوردی شێواندو ئابڕوی مرۆڤایەتیشی لەکەدارکردووە. کەچی هێشتا دوای روخانی رژێم و دادگایی کردنی تۆمەتبارانیش نەکۆمەڵگەی نێودەولەتی و نە دەوڵەتی عێراقیش بەئەرکی ئەخلاقی و سیاسی و یاسایی خۆیان هەڵنەستاون و قەرەبووی مادی و مەعنەوییان نەکردووەتەوە. ! هێشتا زۆربەی تۆمەتبارانی تاوانەکە دادگایی نەکراون. بێگومان مەبەستم لە دادگایی کردنیان کوشتن و سزای لەسێدارەدانیان نییە، بەقەد ئەوەی رێزگرتنە لە یاساو مافی قوربانی، بەشبەحاڵی خۆم جوانترین رێزگرتن لە قوربانیانی ئەنفال وادەبینم عێراق ئەوەندە تەندروستبێت بەلای کەمەوە گەلی کورد لەباری فکری و کەلتورییەوە ئەوەندە هەڵکشێ لە یەکێک لەیادەکاندا وەک پەیامێکی بەرزی کۆمەڵایەتی جەخت لە دەولەتی عێراق بکات کە سزای لەسێدارەدان هەڵگرێ و بەهای مرۆڤ و هەیبەتی دادگاکان بخاتە سەرووی هەمووانەوە.

لەوەها حاڵێکدا دڵنیا دەبین هیچ تۆمەتبارێک لە دەست یاسا قوتارنابێت. جا کێ تاوانبارە با سزای خۆی وەرگرێ و کێ بێتاوانە با لەدەرگای یاساوە بە رووسوری بێتەوە ناو کۆمەڵگاو خەریکی کاروباری خۆی بێت.

## ڕونکردنەوەیەکی پێویست:

لەبەرئەوەی هیچ ئومێدێکم نەبوو بۆ لەچاپدانی.. ئەم دیدارەی هاشم محەمەد، بەناچاری و دوو دڵییەکی زۆرەوە لە ژمارە (٨)ی ساڵنامەی ئەنفالستاندا ئەم بەسەرهاتەم بڵاوکردەوە، دوودڵیەکەشم لەبەرئەوەبوو کە هەستمکرد درێژی دیدارەکە و بەسەرهاتی هاشم لە ناو چیرۆکە زۆرەکانی ناو لاپەرەکانی ئەنفالستاندا ونبێ و بەقەد ئەوەی خوازیارم ئامانج نەپێکێ.

هەرچەندە لەدوای ئەوەی ژمارە (٨)ی ئەنفالستان بڵاوکرایەوە، کاک شێخ محەمەد شاکەلی بۆخۆی لوتفی نواندو تەلەفۆنی بۆکردم و دەستخۆشی لێکردم، بەڵێنی ئەوەی پێدام کە دەرگای هاوکاریم بەڕوودا بکاتەوەو ئاواتی لەچاپدانی کتێبەکانم بهێنێتەدی، لەهەمان کاتدا لوتفی ئەوەشی کرد کە لەگەڵ لقی گەرمیانی کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوک کۆبوونەوەیەک بکەین، ئەوەبوو لەسەر داوای بەرێزی ئێوارەی ٢٠١١/٦/١٠ لە بنکەی کۆمەڵەی روناکبیری لە ناحییەی رزگاری بە ئامادەبوونی کاک شێخ محەمەد شاکەلی کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامداو لە بارەی ئەنفالستان و دۆسێی ئەنفال و کاری داهاتووەوە بیرورامان گۆرییەوەو هەر لەوێش بەڵێنی ئەوەی پێداین، کە هەموو مانگێک کتێبێکمان بۆ چاپ بکات. بەتایبەتیش چاپکردنی ئەو کتێبانەی کە هێشتا روناکییان نەدیووەو ساڵانێکە چاوەروانی فریاد رەسێکن دەرگایان بەروودابکاتەوەو بکەونە بەردیدەی خوێنەران. بێگومان ئەوە مژدەیەکی زۆرخۆش و کارێکی گرنگ بوو، بوویە بەشانازییەوە وتم: کاک شێخ محەمەد شاکەلی منەتباری کردم،

بەڵام زۆر بەداخەوە بەهەر هۆیەکەوە بووە جا بۆخۆم بووبم یان هۆکارێکی تر بەڵێنەکەی نەبردەسەر..! بەو حاڵەشەوە لەلای من کاک شێخ شایانی رێزو سوپاسەو خۆئەگەر هۆکارەکەشی بزانم ئەوە بێگومان بۆمن زۆر خۆشە.

بەڵام وا ئەمجارەش خۆشبەختانە دەرگایەکی تر بەرووی ئەم بەسەرهاتەی «هاشم»دا کرایەوەو کاک دکتۆر تەها رەسوڵ و (سەنتەری مارگرێت) بێئەوەی رویان لێبنێم بۆخۆیان موبادەریان کردوو ئەرکی چاپکردنیان گرتەئەستۆ.

بەهیوام لەم دەرفتەدا کارەکە سەرکەوتووبێت و دیدارەکەی هاشم و موبادەرەکەی (کاک دکتۆر تەها رەسوڵ) وەک هەوێنی لێکگرێدانەوەی خەم و برینەکانی گەرمیان و بادینان بە هاوکاری بەرێزیان ببێتە دەستپێێک. هەڵبەتە ئامانجمانە گەرمیانیەکانیش بزانن کە ناوچەی بادینانیش بەهەمان ئاگری ئەنفال داخکراون و هەرهیچ نەبێ ئاگاداری برینی یەکتری بن. بەتایبەتیش هەتا ئێستا زۆربەی خەڵک وادەزانن کە تەنیا ٦ کەسی گەرمیانی لە گۆڕی بەکۆمەڵ رزگاریان بووە. بەڵام لەراستیدا لەکۆی کۆمەڵکوژی ئەنفالدا ١٣ کەس لەگۆڕەبەکۆمەڵەکاندا دەربازبوون و لەوانەش ٥ کەسیان خەڵکی ناوچەی بادینیان و ٧ کەسیان خەڵکی ناوچەی گەرمیان و یەک کەسیشیان خەڵکی شاری سلێمانییە ئەویش هاشم محەمەد رەشیدە کە لەم کتێبەدا دیدارەکەی دەخوێننەوە.

بێگومان خوێندنەوەی بەسەرهاتی هەریەک لە دەربازبوانی گۆڕی بە کۆمەڵ ئەگەر بۆ نەوەی ئەمڕۆش گرنگ نەبێ و بە بێباکی و خەمساردییەوە لێی بڕوانێ ئەوا چاپکردن و مانەوەی لە کتێبخانەی کوردیدا بۆ ئایندەو نەوەی نوێی نەتەوەکەم لەسود بەدەرنابێ بەتایبەتیش کە خوێنەر بەدیقەتێکی زیاترەوە لە نیازو مەبەستی دەوڵەتی عێراق و حزبی بەعس و دڵڕەقی و توندڕەفتاری ئەفسەرەکانی سوپا بڕوانێ و باشتر ئەو ڕاستیە تێدەگات کە ڕژێمی تۆتالیتاری بەعس چۆن دڵڕەقانەو توندڕەفتارانە مامەڵەی لەگەڵ مرۆڤ و هەر تاکێکی کورد کردووەو چۆن مافی هاوڵاتی بونیانی زەوتکردووە.؟ چۆن ئەفسەرانی سوپای کردووەتە دڕەندەو بونەوەری بێهەست و بەناوی پاراستنی نیشتمانەوە نیشتمانەکەی خۆیانی پێسوتاندون و هاونیشتمانیانی پێکوشتوون؟!

لەنێو ئەم دیدارەدا روندەبێتەوە کە چۆن ئەفسەرانی سوپا بۆ سەرخستنی پرۆژەی جینۆسایدکردنی گەلی کورد بەکەف و کوڵی شۆڤێنیانەوە هەوڵی پاکتاوکردنی گەلی کوردیانداوە. چونکە لەنێو تەپوتۆزی مەرگ و گازی کیمیاویدا مامەڵەی دڵڕەقانەی سوپا و ئەفسەرەکانی مایەی تێرامانە، کە بێباکانە لەگەڵ هاونیشتمانیانی خۆیان رەفتاریان کردووەو بڕیارەکانی حزبی بەعسیان لە دژی نیشتمان و هاونیشتمانیان جێبەجێکردووە،ماڵی خەڵکیان وێرانکردووەو رەزو باخیان سوتاندووەو هاونیشتمانییەکانیان خەڵتانی خوێنکردووە. بۆمان دەردەکەوێت ئەفسەرانی سوپا چەندە ناراستگۆ بوون، (کاتێک دەیانگووت شمال الحبیب) کاتێک سەدام دەیگوت: (کردستان جنه الله علی الارض) «کوردستان بەهەشتی یەزدانە لەسەر

زەمین» کەچی هیچ ئەفسەرێک نەبوو بپرسێ گەورەم بە هەشت چۆن دەسوتێندرێ؟ کاتێک بەرپرسان دەیانگووت هاونیشتمانیانی بەشەرەف، هیچ ئەفسەرێک جورئەتی ئەوەی نەکرد بڵێت ئەرێ هاونیشتیمانیانی بەشەرەف بۆ ئەنفال دەکرێن..؟ بۆ دەکوژرێن..؟ هوشیاری لەبارەی مافەکانی مرۆڤ و هوشیاری لەبارەی ئەرکی نیشتمانی سوپا بەتەواوی ونەو لەلای هیچکام لەو ئەفسەرانە ئامادەیی نییە، بۆیە نەشیانتوانیوە بەجورئەتەوە لەبەردەمی ئەو پرسیارانەدا راوەستن کە سوپا دەبێت پارێزەری سەروماڵی هاونیشتمانیان بێت، یان وێرانکردنی نیشتمان و کوشتنی هاونیشتمانیان..؟ هیچ کام لەو ئەفسەرە پلە بڵندانە جورئەتی ئەوەیان نەکردووە بڵێن کوا شەڕی ناوخۆی عێراق ئەرکی سوپایە؟ لە کاتێکدا ئەو ٣٣ پیاوەی گوندی کورێمێ بە بریاری ئەو دوو ئەفسەرە (محەمەدو عەباس) کەوتنەبەر رێژنەی گوللە جگەلەوەی کورد بوون و لەزێدی خۆیان دەژیان و بەعس بەقەدەغەکراوی دانابوون هیچ تاوانێکی تریان نەبوو..

لەتاوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال و کیمیاباراندا زۆر بەڕونی دەردەکەوێت کە سوپای عێراق هەموو ئینتمایەکی نیشتمانی خۆی دۆڕاندبوو، وەکو سوپایەکی نیشتمانی لەسەر زەمینەی واقع بوونی نەمابوو.

بەهیوام ئەم کتێبەو بەسەرهاتی هاشم لەبری دردۆنگی و دەمارگیری روناکاییەک بخاتەسەر بیری کوردو ئەو تێگەیشتنە باوو کورتبینیانەی ئەمرۆ دەربارەی تاوانی ئەنفال لە گۆرێن، بەهیوام گیانی رِق و تۆڵەسەندنەوە

نەبنە جێگرەوەی چارەسەری عەقڵانی و ئینسانی، چونکە دواجار هەر کوردە کە زۆرترین زیان لەتوندوتیژی دەکات، جگە لەمەینەتی شتێکی تر ناچنیینەوە، بەهیواین پێکەوە خزمەتێک بە مافی مرۆڤ و ئاشتی جیهانی و بیرو لێکدانەوەی هەر خوێنەرێک بکەین کە دەیەوێت لە داهاتوودا کارێک بۆ ئەم دۆسێی تاوانە بگرێتە ئەستۆ.

## ئەنفالکردنی گوندی کوریمێ

هێشتا قۆناغی حەوتەمی ئەنفال کۆتایی نەهاتبوو، فەیلەقی یەک لەناوچەکانی شەقلاوە سەرگەرمی هێرش و یەکلاییکردنەوە بوو کە لە ٨ی ئابدا ئاگربەستی جەنگی عێراق – ئێران راگەیەنرا، عەلی حەسەن مەجید لەوەکاتەدا بەشەخسی پێداگری کرد لەسەرئەوەی کەدەبێ تێکدەران کۆتاییان پێبێت[١] فەیلەقی پێنجی سوپا کە بارەگای لە هەولێر بوو، دەبوو بەرپرسی عەمەلیاتی ئەنفالی پارێزگای دهۆک بێت و لەوێ کۆتایی بەپارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی مەسعود بارزانی بهێنێ. لەسەر ئەو راسپاردانەی پێشتری عەلی حەسەن مەجید فەرماندەی فەیلەقی پێنج کەوتەخۆو سنووری نێوان عێراق و تورکیای تەنی فیرقەکانی تریش لەوانە هەندێ تەشکیلاتی فەیلەقەکانی سێ، شەش، حەوت لە بەرەکانی باشووری جەنگەوە، لە دەوروبەری فاو و بەسرەوە گوێزرانەوە بۆ کوردستانی عێراق و ئەرکی نوێیان پێسپێردرا سەربازەکان کە قاڵبووی ٨ ساڵ جەنگی ئێران بوون، بەهیوای ئەوەی ئەمە دواهەمین جەنگەو ئیتر دەچنەوە ماڵ و حاڵی خۆیان بەدڵگەرمی و گوڕوتێنێکی باشترەوە پەلاماریان دەداو ڕووبەڕوودەبوونەوە.

هێزەکانی فەیلەقی یەک و فەیلەقی پێنج خۆیان سازدا بۆ دەستپێکردنی قۆناغی هەشتەمی ئەنفال کە هەموو ناوچەی بادینانی گرتەوە.

وەک دەستپێک لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ ناوچەی بادینان بەشێوەیەکی

١. بروانە میدل ئێست ۆچ – جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد – چاپی دووەم -٢٠٠٤ وەرگیرانی محمد حەمەساڵح توفیق - لاپەرە ٣٣٩ -٣٤١.

بەربڵاوو دڕندانە کەوتە بەرپەلاماری گازی کیمیاوی و زۆربەی ناحییەو گوندەکان و بناری چیاکان بەچڕی بۆردومانی گازکران، هەڵبەتە ئامانجی بەعس ئەوەبوو گوندنشینەکان بەگازی ژەهراوی بتۆقێنێ و زووتر بەچۆکیاندابێنێ و پەلاماری ئەو قۆناغەش زۆردرێژە نەکێشێ، ڕەنگە بەکارهێنانی گاز زیاتر لەبەرئەوە بووبێ وەک لە ڕاپۆرتی فەیلەقی پێنجدا شیکردنەوەی بۆکراوە کە ناوچەکە شاخاویی و عاسێیە بۆ هێزێکی نیزامی [٢]

سەرلەبەیانی بەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ وەکو تەواوی ناوچەکە گوندی کورێمێش هێرشی زەمینی کرایە سەر، هەموو خەڵکی ئەو گوندە کە پێشتر لە دۆڵ و چیاکان خۆیان شاردبووەوە و لەهەوڵی دەربازبوون ماندوو ببون، ئەو ڕۆژە لەگەڵ هەتاو کەوتندا ئاڵای سپییان هەڵکردو خۆیان بەدەستەوەدا، بەڵام خۆبەدەستەوەدان هیچی لە هەستی بەعسیەکان نەگۆڕی و ئەفسەرانی سوپا مامەڵەیەکی توندیان لەگەڵدا کردن، ئەفسەرێکی موقەدەمی پێشووی سوپای عێراق بەمیدڵ ئیست وۆچی ڕاگەیاندووە: «فەرمانمان بۆ هات هەرچی پێشمەرگەیە بیانکوژین، تەنانەت ئەوانەشیان کە خۆبەدەستەوە دەدەن. هەروەها ئەو جووتیارە مەدەنیانەش کە لەناوچەی قەدەغەکراودا بوون هەر بە پێشمەرگە دانرابوون. تەواوی پیاوانی ناوچە قەدەغەکراوەکان کە تەمەنیان ١٥ ـ ٦٠ ساڵ بوو، دەبوو بە تێکدەر دابنرێن و بکوژرێن [٣].

٢. بروانە ئەنفالکرنا بەهدینان عەلی بەندی- بەرگی سێهەم – چاپخانەی خانی (نهێنی شەڕێ دوماهییا ئەنفالی) لاپەرە ١٨٥ – ٢١٩ «مەبەست لەراپۆرتەکەی فەرماندەی فەیلەقی پێنج لیوا رکن یونس محەمەد زەرب»ە کە شیکردنەوەیەکی وردی بۆ ئەنفالی کۆتایی کردووە.
٣. بروانە میدل ئیێست وۆچ – جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد – چاپی دووەم -٢٠٠٤ وەرگیرانی محمد حەمەساڵح توفیق - لاپەرە ٣٦٦

هەمان ڕۆژ دوای پۆلێنکردنیان و جیاکردنەوەی ژن و منداڵ لەلایەک و پیاوەکانیش لەلایەکی تر، سەرئەنجام ژن و منداڵەکانیان ڕەوانەی مانگێش و قەڵای نزارکێ کردوو ٣٣ پیاویش ڕووەو خوارووی گوندەکە بەریز بەرێخران و هەروا ٢٠٠ مەترێک دورخرانەوە بۆ شوێنێکی نەدیوی خوارگوندی کورێمێ بە هەمووی کاتژمێرێکی نەبرد لەوێ تاوانی کۆمەڵکوژی پیاوانی گوندی کورێمێ بەفەرمانی دوو ئەفسەر دەرچوو، هەر لە شوێنی خۆیان گوللەبارانکران، لەو کۆمەڵکوژییەدا لە کۆی ٣٣ کەس بە موعجزە (٦) کەس دەربازبوون یەکێک لەوانە هاشم محەمەد ڕەشیدە کە ئێستا چیرۆکەکەی لەبەردەستتاندایە. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەراپۆرتی ژمارە ٢٤٢٢ ی فەیلەقی پێنجدا هاتوون و لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا نوسراوە دەردەکەوێت کە تاوانی گوندی کورێمێ لەلایەن تیپی ٢٩ی پیادە و یەکێک لە لیواکانی ٤٣٥، ٢٣٨، ٨٤ ئەنجامدراوە.

وەک دەبینین لە پەلامارەکانی ئەنفالی بادیناندا، بەعس ڕێوشوێنێکی مەترسیداری گرتۆتەبەر، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو تێبینیەشەوە کە هەندێک لەسەرەک خێڵەکان هاوسۆزیان بۆ سەدام پیشاندابوو، بەپێچەوانەی ناوچەی سۆرانەوە هەندێک گوند مانەوە، پلانە سەربازی و ئەمنیەکان لە قۆناغی هەشتەمی ئەنفالدا تاڕادەیەکی زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ئەو پەلامارانەی لە قۆناغەکانی تردا ئەنجامیدا بوون، بەلای کەمەوە پۆلێنکردن شێوازێکی تری هەبوو، لەم قۆنەغەدا کە دواغۆناغی پەلامارەکانی ئەنفال بوو، بەعس لەوپەری غرورو پاڵەوانبازیدا بوو، لە تەواوی ناوچە قەدەغەکراوەکاندا پێشرەوی کردبوو هەموو گوندەکانی لەگەڵ زەوی تەختکردبوو، گوندنشینەکانی پۆلێنکردبوو زۆربەشیانی لە گۆڕی

بەکۆمەڵدا کوشتبوو، بەشێوەیەکی سیستماتیک بە شۆفڵ خۆڵی کردبوو بەسەریاندا، لەم پەلامارەشدا پێشڕەوی دەکردو بێبەزەییانە وێرانکاری دەکرد، لەبەرەبەیاندا گوندەکانی بەبۆمبی کیمیاوی دادەگرتەوەو دواتریش هێرشی سەربازی دەکردە سەریان و بەشێوەیەکی دڵڕەقانە دەکەوتە وێزەی خەڵکی مەدەنی و ئەنفالی دەکردن، ئەم شێوە پەلامارە لە قۆناغی دووەمی ئەنفالدا لە گوندی سێوسێنان و تەکیەو بەلەکجارو لە قۆناغی چوارەمیشدا لە هەردوو گوندی گۆپتەپەو عەسکەر رویدابوو کە لەپێشەوە بەچەکی کیمیاوی پەلاماریدان و دواتر هێرشی زەمینی دەستیپێکرد. جیاوازی لێرەدا ئەوەبوو کە کیمیابارانی بادینان لە ٢٥ی ئابدا تەنها گوندێک یان دوانی نەگرتەوە بەڵکو لەو ڕۆژەو ڕۆژانی دواتردا زیاتر لە ٧٥ گوندی بادینان بەچەکی کیمیاوی پەلاماردران.

ئەوەی لە گوندی کورێمێ ڕویدا پێشتر لە هیچ قۆناغێکی تری ئەنفالدا لەلایەن سوپاوە پیادە نەکرابوو، ئەویش کۆمەڵکوژی دەستبەجێ بوو کە دوای پۆلێنکردن لە شوێنی نیشتەجێ بوونی گوندنشینەکاندا، واتە کوشتنی بە کۆمەڵی دەستگیرکراوەکان لە شوێنی ژیان و نیشتەجێبوونی خۆیاندا، بەڵکو لە پەلامارەکانی ئەنفالدا لە پێشەوە خەڵک دەستنیشان دەکراو دواتر پەلامار دەدران و ئینجا کۆدەکرانەوەو بە سەیارەی سەربازی ڕەوانەی کەمپەکان دەکران، بەڵام لە گوندی کورێمێ پیاوەکان لە ناو گوندەکەدا کۆکراونەتەوەو هەر لەجێدا بەفەرمانی ئەفسەرەکان، نزیکەی ١٠ سەرباز راسپێردراون، پیاوەکان گوللەباران بکەن، ئەم کارە دڕندانەیە لەچیرۆکی هەریەک لە دەربازبوانی کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ بەڕونی دەردەکەوێ تەنانەت ناوی ئەو ئەفسەرانەش دەزانن کە فەرمانی تەقەکردنیان

داوەو ڕێوشوێنی کۆمەڵکوژییەکەیان گرتووەتەبەر ([4]) دەربازبووانی ئەم کۆمەڵکوژییە، هەتا ساڵی ١٩٩١ بەبێدەنگی لە کۆمەڵگا زۆرەملێکاندا دەژیان، دواتر لەمانگی مایس و حوزێرانی ساڵی ١٩٩٢دا، پزیشکانی مافی مرۆڤ، تیمێکی توێژەری پزیشکیی دادوەرییان (فۆرێنسیک) نارد بۆ کوردستانی باشور- عێراق. بەمەبەستی هەڵدانەوەی گۆری بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی هەر ئەو تیمە قوربانییەکانی گوندی « کورێمێ» یشی هەڵدایەوە کە پێکهاتبوون لە ٢٧ پیاوی کوژراو ئەو تیمەش پێکهاتبوون لەو لێکۆڵەرەوانەی کە ڕاهێنانیان لەسەر ئەنترۆپۆلۆجیای پزیشکی دادوەری، ئەرکیۆلۆجیاو یاسا کردبوو، ئەمانە لە زۆر وڵاتی دیکە گۆڕیان هەڵدابۆوە وەک ئەرجەنتین، چیلی، ئێلسلڤادۆرو گواتیمالا. لە کوردستانی باشوریش، لە سێ شوێندا گۆڕیان هەڵدایەوە: گوندی کورێمێ و گوندی برجینی کیمیابارانکراو پێویستە ئەوەش بڵێین کەوا هەمان تیم لە گۆڕستانێکی کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ کە زۆر لە ئەنفالکراوەکانی لێبوو لە نزیک شاری هەولێر گۆڕێکیان هەڵدابۆوە کە تەرمی منداڵیکی تێدابوو لەبرسان و لەبەر بەدخۆراکی گیانی لە دەستدابوو، ئەوانەی هەردوو گوندی کورێمێ و بریجینی بە چاوساغی دەربازبووەکان و بەرێوەبەرایەتی تەندروستی پارێزگای هەولێر و پزیشکی دادوەری پارێزگای دهۆک ئەنجامدرا بوو.

٤. بروانە ئەنفالستان ژمارە (٨) لاپەرە ٩ دۆسیێ ئەو پیاوانەی لە دۆزەخ گەرانەوە.

## تەمومژی هۆکارەکانی کۆمەڵکوژی کوریێمێ

لە سەروەختی ئەنفالدا کوریێمێ گوندێکی گەورەی ١٥٠ماڵیی بوو، تەنها دوو میل و نیو لەناحییەی مانگێش «دوسکی»ەوە دوورە، کە سەربەقەزای ئامێدی پارێزگای دهۆکە، لەرۆژی ٢٠١٢/٨/٢٨ لەگەڵ برای بەڕێزم کاک سمکۆ سابیرو کاک هاشم وەک رێزلێنانێک لە یادەوەری ئەو کۆمەڵکوژییەی لەو گوندە ئەنجامدراوە سەردانی گوندی کوریێمێمان کرد، لەوێ چاومان بە زۆر کەس کەوت و زۆر لەخەڵکی گوندی کوریێمێ و گوندی چەلکێی دراوسێیانم بینی، حاجی عوسمان لەبارەی کۆمەڵکوژی پیاوانی گوندەکەیانەوە ووتی: (ئێمە هەژاری ماڵی خۆمان بووین، پێشمەرگە دەهاتن و خزمەتمان دەکردن، بەڵام ئێمە پێشمەرگە نەبووین)

سێ ڕۆژ دوای هێرش و پەلامارە کیمیاییەکانی ٢٥ ی ئاب، خەڵکی کوریێمێش وەک گوندەکانی تر کەوتنە مشتومڕی ئەوەی چیبکەن. لە ٢٧ی مانگدا پیاوەکان بڕیاریاندا ڕێی هاتونەهاتی هەڵاتن بگرنەبەر بۆ تورکیا. بەڵام هەر ئەو ڕۆژە درەنگانێ تووشی خەڵکانی تر هاتن کە بەشڵەژاوی لەو دێهاتانەی ترەوە دەهاتن ئاگاداریان کردنەوە لەوەی تازە کار لەکار ترازاوەو تەواوی ڕێگاوبانەکانی سنوور سەرباز گرتوویەتی. ڕۆژی ٢٨ی ئاب کە ژمارەیەک خەڵکی گوندی (چەلکێ)شیان کەوتبووە تەک، کە تا ئەوکاتە خۆیان خزاندبووە ناودۆڵ و شیوەکان یەکیانگرتبۆوە. بە هەموویان چەند سەد کەسێک دەبوون هاتنەوە بەرەو گوندی کوریێمێ خەڵکەکە ئەو شەوە تا بەیانی بەڕێوەبوون و زۆریش ماندووبون، لە ترسی پەلاماردان نەیاندەوێرا بوەستن. ڕۆژی ٢٨ی ئاب جارێکیتر گەیشتنەوە

دەوروپشتی کورێمێ و بەپێی خۆیان هاتنەوە ناو دۆزەخ. چونکە لە پێشتر سەربازو جاش گەیشتبوون، پیاوەکان هەر کە هێزەکەیان بینی ئالآی سپیان هەڵکردو دەستی تەسلیم بونیان هەڵبڕی. ئەفسەرەکان، دوو مولازمی گەنج بوون بەناوەکانی «عەباس و محەمەد» تەمەنیان هەروا گەیشتبووە بیست ساڵی، هەر لەوێدا فەرمانیاندا پیاوەکان لە ژن و منداڵ جیابکرێنەوە. بەڵام پێدەچوو هێشتا دڵنیا نەبن چیان لێبکەن. بەڵام پاش چاوەڕوانییەکی کەم یەکێک لە ئەفسەرەکان لەو ٣٣ پیاو و کوڕە هەرزەکاریان خوڕی، لەوانیتر جیاببنەوە، ئەو کۆمەڵە خەڵکە تەمەنیان لە نێوان ١٣ بۆ ٤٣ساڵیدا بوو. گوندنشینەکانی تریان پێشخۆداو بردیانن، پیاوەکانیشیان لەسەر چیچکان دانا. هاشم باس لەوەدەکات کە لەوێدا سەربازەکان دڵیان دەدانەوەو بگرە جگەرەو ئاویشیان پێدابوون. لەو چاوەڕوانییە دژوارەی نێوان مەرگ و ژیاندا یەکێک لە ئەفسەرەکان بە بێتەل قسەی لەگەڵ فەرماندەکانی سەروخۆیدا کردبوو کە لە ناحییەی مانگێش بارەگایان خستبوو، لەو پەیوەندیەدا رایگەیاندبوو کە تاقمێک لە «تێکدەرانی بەچەکەکانیانەوە» گرتووەو چاوەڕێی فەرمانی بەرێزیانە. بەڵام بەداخستنی بێتەلەکە دەرگای دۆزەخیش بۆ ئەو ٣٣ کەسە کرایەوە کاتێک ئەفسەرێکیان هاواری کردو بەسەر سەربازەکاندا نەڕاندی: «ارمیهم» دەسرێژیان لێبکەن. بەمجۆرە هەر لەوێدا (٢٧) بیست و حەوت کەس لە سی و سێ کەسەکە کوژران، لەوانە ١٨ هەژدەیان خەڵکی «کورێمێ» و (٩) نۆشیان خەڵکی «چەلکێ» بوون. لەدواییدا بەفەرمانی ئەفسەرەکە تاقە سەربازێکیان چووە سەر تەرمەکان و هەر یەکەیان «طلقە رحمە»

فیشەکێکی بەزەییان پێوەنان[٥] و بەخێرایی شوێنەکەیان چۆڵکرد، بەبێ ئەوەی داپۆشینیان بە ئەرکی خۆیان بزانن، بەو شێوەیەی کوشتیانن تەرمەکانیشیان بەجێهێشت بۆئەوەی لە بەر خۆری هاوین بۆگەن بکەن، یان سەگ و دڕندەی کێوی لاشەیان بخوات ئەم ڕەفتارە دزێوە سەربازی دڵڕەقی و سوکایەتی پێکردنەکەشی بەخێر بۆ ئەو ٦ کەسە گەڕایەوە کە هێشتا زیندووبوون و نەمردبوون، چونکە توانییان سود لەدانەپۆشینی تەرمەکان ببین و دەربازبن، دیاربوو هۆی کشانەوەی سەربازەکان بەو خێراییە بۆ ئەوەبوو بڕیاری تۆپبارانکردنی ناوچەکە هەبوو، ئەو ڕۆژە لەگەڵ حاجی عوسمان و هاشم محەمەدو هاوڕێم سمکۆ سابیر چوینە هەمان ئەو شوێنەی خەڵکەکەیان لێگرتبوو، هاشم لەسەرەتاوە چیرۆکی گرتن و جیاکردنەوەو ڕەفتاری ئەفسەرو سەربازەکانی بۆ گێراینەوەوەو جاربەجارێکیش حاجی عوسمان خۆی دەهاویشتە ناوقسەکانەوە، دوای ئەوەی شوێنی جیاکردنەوەی ژن و پیاومان بەجێهێشت بەناو داربەڕوەکانی کوڕێمێ و بەسەر پووشی زەردهەڵگەڕاوی کۆتایی مانگی ئابدا شۆڕبووینەوە بەرەو شوێنی تاوانەکە، هێشتا نەگەیشتبووینە چەقی شوێنەکە هاشم ووتی: سەربازەکان زۆر نەرم بوون لەگەڵماندا ئاویان دەداینی جگەرەیان دەداینی و هەر دەیانگووت: الله کەریم، کە گەیشتینە نزماییەک هاشم لەوکاتەدا چۆن دایاننیشاندبوون ئاوا دانیشت ووتی: من ئەلێرە بووم، کە وتیان دانیشن ئیتر من لەسەر پەرەوە بووم، هەتا سەربازەکانیش ڕیزبوون

---

٥. (طلقه رحمه) یان گوللەی بەزەیی، لەسەروەختی دەسەڵاتی بەعسداو وشەیەکی باو بوو، کردەوەیەکە زیاتر لەگاڵتەجاڕی دەچێ لە فەرهەنگی مافی مرۆڤدا، چونکە دوا گوللەیە لەپاش دەسرێژکردن دەنرێ بە شوێنێکی هەستیاری ئەو کەسەوە کەوا بڕیاری کوشتنیدراوە بە گوللەبارانکردن، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بە تەواوی بێ گیان بووە زۆرجار دکتۆرێکی بەعسی ئەوکارە نامەردانەی دەکرد.

من ئومیدێکم هەبوو، بەڵام کە دە سەرباز ریز بوون، من بە عەبدالقهارم ووت، دەمانکوژن ئیتر کەوتیان دانیشن من ئەو سەربازەم لێوە دیار نەبوو کە لەبەرامبەر من وەستابوو تەقەی دەکرد، ئیتر ئەوە بوو دوای ئەوەی ئەفسەرەکە هۆکی تۆکیەکەی داخستەوە فەرمانی بەسەربازەکان کرد تەقەبکەن، من هیچم بەرنەکەوت بەڵام دواتر کە سەربازەکە هاتە سەرمان برینداری کردم. کە کۆمەڵکوژییەکەیان کرد سەربازەکان هەروا نزیکەی ٥٠٠ مەترێک دورکەوتنەوەو تۆپباران دەستی پێکرد و پوش و پەلاش گڕی گرت و ئاگر گەیشتە ناوتەرمەکان ئەوەندەی توانیمان کوژاندمانەوە بەڵام دەبوو بەزوویی ئێمەش برۆین و لەوێ نەمێنینەوە دوای حەفتەیەک ئینجا سەربازەکان گەڕانەوەو سەر تەرمەکان و لەدوو بستە چاڵدا کۆیانکردنەوەو خۆڵیان بە سەردا کردن(٦)

کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ و هەڵاواردنی بەو شێوەیە هێشتا مشتومڕی لەسەرە، بەڵام هەتا ئەمڕۆ بە ئاڵۆزی ماوەتەوە..! کە هۆی چیبوو مامەڵەی سوپا لەگەڵ ئەنفالکراوەکانی گوندی کورێمێ جیاوازبوو، کە بریاری گوللەبارانکردنیان هەر لەجێدا درا، لەکاتێکدا جگەلە حاڵەتێکی بچوکتری گوندی مێرگەتوی تاکە شوێنە کە هەرلەجیدا کۆمەڵکوژکرابن. بەپێچەوانەی قسەکانی هاشم محەمەد رەشیدەوە بۆچوونی میدل ئێست وۆچ وایە کە خەڵکی کورێمێ بەوە ناسراوە کە سەر بەحکومەتبن و زۆربەی پیاوەکانی دەستیان لەگەڵ دەزگای ئەمندا تێکەڵ بوبێ لەمبارەیەوە نوسیویەتی (لەنێو ئەو هەموو تیۆریانەدا کە باسی لێوەدەکرێت، ڕەنگە

٦. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

گونجاوترینیان ئەوەبێت کەوا ڕۆڵی جارانیان لە ئەمندا کلیلی نهێنییەکە بێت. کورێمێ وەک گوندێکی دڵسۆز، وا چاوەڕوان دەکرا سەری ڕەزامەندیی بۆ «هێڵە سوورەکەی» ساڵی ١٩٨٧ بلەقێنێ دانیشتوانی لە سەرژمێریەکەی ئۆکتۆبەردا خۆیان ناونووس بکەن، کەچی لەجیاتی ئەوە گوندەکە خۆی قاچاخ کرد. لەو دەمەوە ئیدی ڕژێم ئەو ئەمنانەی جارانی ئەوێی بە خیانەتکاری تایبەت داناو ئەو بەڵگەنامە ڕەسمیانەش کە گیران ئەوە ئاشکرا دەکەن کە سزای ئەمجۆرە هەڵگەڕانەوەیە ئیعدامکردنی دەسبەجێ بووە[٧]. ئەگەر ئەو بۆچوونە راست بێت و خەڵکی گوندی کورێمێ سەر بەدەزگای ئەمن بوبن ئەوا ئەمەش بەپێی فۆرمەکانی ئەندامێتی لە حیزبی بەعسدا، کە لەئەرشیفی حکومەتی عێراقدا هەڵگیراون و وەک بەڵگە دەست خەڵکی راپەریو کەوتن، تەنها شاردنەوەی ئەندامێتی پێشوو لە حیزبێکی سیاسی دیکەدا بەس بووە بۆئەوەی سزای مەرگ بەسەر هەرکەسێکدا بسەپێندرێ کە ئەندامێتی بەعسی واژۆکردبێت. هەرچەندە ئەم بۆ چوونەی مێدڵ ئێست وۆچ ڕێی تێدەچێت بەڵام، ئەوەش جێگەی پرسیارە ئەگەر پیاوی بەعس بوون بۆچی لەفەرمانەکانی لادەدەن بەتایبەتیش راسپاردە هەڕەشە ئامێزەکەی ساڵی ١٩٨٧ کە بریاری کوشتنی هەموو زیندەوەرێکی تێدابوو هیچ بوارێکی بۆ وەها لادانێک نەهێشتبووەوە..؟ چ جای بۆ کەسانێک کە سەر بەدائیرەی ئەمنیش بووبن، لەلایەکی تریشەوە بەعس لەگەڵ ئەوانەی تر زۆر دڵڕەقانەتر جوڵاوەتەوە کە بێلایەن بوون و ئەنفالکران. لەناو کەمپەکانی نزارکێ و سەلامێدا شایەتحاڵەکان توندوتیژ

٧. بروانە میدل ئیست وۆچ جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد- ٢٠٠٤ چاپی دووەهەم وەرگیرانی محمد حەمە صالح توفیق. لاپەرە ٣٧٠.

**و دڵرەقی ناخۆشتر دەگێڕنەوە.**

**هەرچەندە دڵڕەقی و نامەردیی بەعسییەکان لەگوللەبارنکردنی پیاوەکانی کورێمێدا مەسەلەیەکی حاشاهەڵنەگرەو جێی مشتومڕ نییە، بەڵام ئەوەی زۆر جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانە لەو (٦) کەسەی لە کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کورێمێ بە رێکەوت رزگاریان بوو چیرۆکی ئەبابکر سەعیدی تەمەن ٣٤ساڵ بوو کە یەکێکە لەو شەش کەسە، بەر لەگوللەبارانکردنیان پڕکێشی کردووەو لەریزەکە رای کردووە، بەڵام بەهەمووی ١٠٠م دورنەکەوتەوە کەبەر گوللەدرا لەوێ پێکراو کەوتە سەرزەوی، شەوێکی تەواو لەشوێنی برینداربوونەکەی لە نزیک تەرمەکانەوە بە ئازارەوە تلایەوە، کەچی ڕۆژی دوایی کۆمەڵێک جاش هەڵیانگرتەوەو بردبوویان بۆ مانگێش و رادەستی سوپایانکردبوو، لەوەش سەیرتر ڕادەستی هەمان ئەو ئەفسەرە کرابوو کە ڕۆژی پێشتر فەرمانی گوللەبارانکردنی دابوون، هەرچەندە ناسیبوشییەوە، بەڵام بەوەندە وازی لێهێنابوو کە هەندێک قسەی ساردوسووکی پێگوتبوو بە پۆستاڵەکانی چەند لەقەیەکی قورسی لە قاچە برینداره‌کەی دابوو[8]، ئیتر رەوانەی قەڵای نزارکێی کردبوو، بەڵام بەرلەوە لە نەخۆشخانەکەی مانگێش تیمارکراوەو پاشان براوە بۆ قەڵاکە، هێشتا لەوێ بوو کە لێبوردنە گشتیەکەی ٧ی ئەیلول دراو دوای ١٥ ڕۆژ ڕزگاری بووە. هاشم و ٤ کەسی تریشیان بەهەمان لێبوردن هاتنەوەو خۆیان رادەستکردو دەربازیان بوو، بەڵام فەتاح خەلیل جارێکی تر نەبینرایەوەو هەتا ئێستا**

---

٨. لە کۆنگرەی سێهەمی گۆڕەبەکۆمەڵەکان کەماوەی سێ رۆژ پێکەوە بووین ئەبابکر بەدەم گێرانەوەی ئەو چیرۆکەوە دەرەلینگی شەرواڵە کوردیەکەی راکێشاو شوێن پۆستاڵەکانی ئەو ئەفسەرەی پیشاندام کە هەتا ئێستاش شوێنەواری دیارە..!!- نوسەر

بێسەروشوێنە، جیاوازی ئەوان لەگەڵ دەربازبوانی گەرمیان ئەوەیە بۆ بیابەنەکانی خواروی عێراق ڕەوانە نەکران، بەڵکو هەرلەجێداو لە شوێنی کۆکردنەوەکەدا لەگەڵ ٣٢ پیاوی تردا، لەگوندەکەی خۆیاندا پاشئەوەی خۆیان داوەتەدەست سوپاوە پیاوەکان جیاکرانەوەو گوللەبارانکران.

ئەو پێنج کەسەی تر لەو سەروەختەدا جگەلە بێدەنگی و پاراستنی نهێنی کۆمەڵکوژییەکە شتێکی تریان لەدەست نەهاتبوو، لە ژێر چنگی ستەمکاری و رژمێکی وەکو بەعسدا چیان لەدەستهاتبا..؟ هەتا ڕۆژگاری راپەرینی ئازاری سالی ١٩٩١. کە تیمێکی پزیشکی دادوەری بەچاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان بۆهەڵدانەوەی گۆڕی ئەوکەسانە هاتبوونە ناوچەکەیان، کە بەچەکی کیمیاوی کوژراون بۆ ئەوەی بەڵگە لەسەر رژێمی بەعس کۆبکەنەوە، ئا لەوکاتەدا ئەم دەربازبووانەش خۆیان پێناساندبوون و بوونە شایەتحاڵ و چاوساغی تیمەکە بۆ بەهەڵدانەوەی شوێنی کۆمەڵکوژیەکە.

## هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی کورێمێ:

ڕۆژی ٢٠١٢/٨/٢٨ لەگەڵ هاشم محەمەد ڕەشیدو حاجی عوسمان دانیشتوی گوندی کورێمێ چوینەوە سەر شوێنی گۆڕەبەکۆمەڵەکە حاجی عوسمان زۆر گەڕا بەدوای شوێنی برازاکەیدا کە لەگەڵ یەکێکی تر بەجیا لە گۆڕێکدا نێژرابوون، حاجی عوسمان هیچی لەبارەی ئەو تیمەوە نەدەزانی کە هاتبوون بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکەی کورێمێ بەڵکو ئەو زیاتر باسی ئەوەی دەکرد کە قوربانیەکان بە جل و پشتینەکانیاندا ناسراونەتەوە، بەڵام لەراستیدا تیمەکە لەو پشکنین و لێکۆڵینەوەیەیدا، زۆر بەشارەزایی کاری هەڵدانەوەی کردووە، پەیڕەویی ستانداردی نێودەوڵەتیی بۆ هەڵدانەوەی گۆڕ کردووە کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڵاوکراوەتەوە «پرۆتۆکۆڵی نموونەیی لێکۆڵینەوەی یاسایی لەسەر یاساشکێنی، ملهوڕی و کۆکوژی» (پرۆتۆکۆڵی مینیسۆتا)[٩] ئەنجامی تەواوی لێکۆڵینەوەی تیمەکە لە ڕاپۆرتەکەی میدڵ ئیست وۆچ و پزیشکانی مافی مرۆڤدا بڵاکراوەتەوە هەروەها (پەلاماری ئەنفال لەکوردستانی عێراقدا: وێرانکردنی کورێمێ)، کانوونی دووەمی ١٩٩٣. ڕێبازی کارکردنی تیمەکە لە هەر شوێنێک لەو شوێنانە لەخوارەوە باسکراوەو دواتریش ئەنجامی کاری تیمەکە لەهەلدانەوەی گۆڕەکاندا، لەگەڵ دەربازبووەکانی ئەو کۆمەڵکوژیەدا «ئەوکەسانەی لەسەروە ناویانهاتووە» لەدادگای باڵای تاوانەکان وەک بەڵگەوشایەتحاڵ لە (٢٧) هەمین دانیشتنی دادگا لەسەر تاوانی ئەنفال نمایشکران و سێ کەسیش لەدەربازبوەکان (عبدوالقهار،

٩. بروانە میدل ئیست وۆچ جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد- ٢٠٠٤ چاپی دووەهەم وەرگیرانی محمد حەمە صالح توفیق.

عەبدولکەریم و ئەبابکر) ئامادەبوون و قسەیان لەبارەی تاوانەکەو چۆنێتی دەربازبوونیان کردوو، هەر لەو دانیشتنەی دادگادا بە ڤیدیۆ هەڵدانەوەی گۆڕەکەو بەڵگەی پزیشکی دادوەریش خرانەروو ئەوەش لەشاشەی تیڤییەوە نمایشکرا.

لەبارەی هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵی کورێمێ میدل ئێست وۆچ نوسیوێتی: (ساڵی ١٩٩٣ تیمەکە کەوتە هەڵدانەوەو پشکنینی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەگوندی ئەنفالکراوی کورێمێ کە پاشماوەی پەیکەرە ئێسکی[١٠] بیست و شەش پیاو تاکە یەک کوڕی هەرزەکاریان بەستانداردی دادوەری پزیشکی لێدەرهێنا، کە دوای ریزکردنیان هەموویان لەلایەن دەستەیەکی چەکدارەوە کوژرابوون، پسپۆڕی شوێنەوارناسی تیمەکە ڕووپێویی گوندە ڕووخاوەکەی کردووەو نەخشەی ئەوەی بۆ دروستکردووە کە پێش ڕووخان چۆن بووەو لەکارەکەیدا تەکنیکی ستانداردی ڕووپێوی شوێنەوارناسیی بەکارهێناوە. ئینجا ئەندازەی قەوانە فیشەکە کۆکراوەکانی گرتووە، ئەمەش بۆ دیاریکردنی جۆری ئەو چەکانەی لە شوێنی کۆمەڵکوژی و گوللەبارانکردنەکەدا تەقەیان پێکراوە)[١١] لەو هەڵدانەوەیەدا پسپۆڕی ئەنترۆپۆلۆجیای سەرۆکی تیمەکەش کاری پشکنینی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی کورێمێی بەڕێوەبردو تەکنیکی ستانداردی گۆڕ هەڵدانەوەی بەکارهێنا، ئەمەش بۆ پاراستنی پەیکەرە ئێسکەکان و هەر شتێکی تر کە لە گۆڕەکەدا مابێت. هەرچەندە میدل ئێست وۆچ وابڵاوی کردۆتەوە کە

---

١٠. لەراستیدا ئەوانەی لەو تاوانەدا کوژران ٢٧ کەس بوون، چونکە لەکۆی ٣٣ کەس ٦ یان دەربازبوون کە یەکێکیان فتاح خەلیل برای صدقی خەلیل بوو، کە دواتر بێسەروشوێنکرایەوە بەو پێیە دەبێت تەرمەکانی کورێمێ ٢٧ کەس بووبن نەک ٢٦ .

١١. میدل ئێست وۆچ هەمان سەرچاوەی پێشەوە.

پەیکەرە ئێسکی ٢٦ پیاویان دەرهێناوەتەوە، بەڵام هەرچی دەربازبوانی ئەو کۆمەڵکوژییەن هەریەک لە (هاشم، عبدالقهار، عبدالکریم، ئەبابکر) جەخت لە ٢٧ پیاودەکەنەوە کە لەو گۆرەدا بوون.

لێکۆڵینەوەکان لە مەیتخانەی نەخۆشخانە گشتیی شاری دهۆک ئەنجامدراوە، بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئەوکەسانەی لە گۆڕەکەدا بوون، ئینجا جیاکردنەوەی «توخم و رەگەزیان، تەمەنیان، یان هەر نیشانەیەکی تری ناسینەوەیان لە گەڵ جۆرو شێوازی کوشتنەکەیان. پارێزەرانی تیمەکەش، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەربازبوان و گوندنشینی تردا ئەنجامدا بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان کەبەڵگەی زانستیی پشتگیریی دەکردن. دواتر دەربازبووەکانی گوندی کوریمێ و پسپۆری پزیشکی دکتۆر سنۆترامبل لە دادگای باڵای تاوانەکان لەدانیشتنی جیادا شایەتیان لەسەر ئەو کۆمەڵکوژیەداو دۆسیێی ئەنفالیان بەهێزتر کردوو دەرگای ئەوە لەسەر تاوانەکە کرایەوە، کەوا لەتاوانێکی ئاساییەوە پێبهاوێتە ناو تاوانە نائاساییەکان «کە لەجیهاندا بەتاوانی نیودەوڵەتی دەژمێردرین»

## هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکەی برجینێ:

دەربارەی کۆمەڵکوژی برجیی و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی رۆژی ٢٠١٢/٨/٢٨ چاوم بە پێشمەرگەیەکی دێرینی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت بەناوی ئیدریس عەبدوڵا محەمەد حەسەن کە بە «هەڵمەت» ناسراوە، لەدایکبووی ١٩٥٧ ئەو رۆژەی کیمیابارانەکە کرابوو، هەڵمەت لەو ناوچەیەبووەو بەچاوی خۆی فرۆکەکانی بینیبوو کە بۆمبەکانیان فرێداوەتە خوارەوە، دواتر چەند ژنێکی بینیوە کە شپرزەبوون و هیلاک بوون، هەڵمەت پێیگووتون دەنگ نەکەن هەتا خەڵک ورەی نەروخێ، بەڵام دواتر کەوتوونەتە سەر زەوی و کار لەکار ترازاوە، کاتێکی زانیوە بۆخۆی و هەڤاڵەکانیشی کەوتوونەتە ناو کیمیاویەوە، لەبارەگایەکی پێشمەرگەشی دابوو ١٣ پێشمەرگەی شەهید کردبوو، بەڵام لەنزیک هەڵمەت و هاورێکانی ئاراستەی با هاوکار بووە کە کاریگەری خراپی لەسەر ئەمان نەبێت، هەڵمەت باس لەوەدەکات لەهەمان کاتدا هەموو ناوچەکە کەوتووەتە بەر پەلاماری کیمیاوی و هەموو خەڵک بەیەکداهاتوون و چون و موخابەراتی حکومەتیش بەردەوام پڕوپاگەندەیان بڵاوکردۆتەوە کە خۆبەدەستەوە بدەن باشترە حکومەت بە کیمیاوی لێیاندەداو کەس نامێنێت. هەڵمەت جەختی لەوەکردەوە کە خەڵکی برجینی هەموو سڤیل بوون کە بەکیمیاوی مردن. ئەو دەڵێت من نەمتوانی هیچ بکەم تەنها ئەوەنەبی بگریم و فرمێسک بۆ ئەو خەڵکە برێژم[١٢].

١٢. دیداری نوسەر لە گەڵ ئیدریس حاجی عەبدوڵلا ناسراوبە (هەڵمەت) پێشمەرگەی دیرین – ناحییەی مانگێش ٢٠١٢/٨/٢٨

هەر ئەو تیمەی لە کورێمێ گۆڕەکانی هەڵدایەوە لەگوندی برجینیش، مەسحێکی شوێنەوارناسی و هەڵدانەوەو پشکنینی گۆڕەکانی ئەنجامدا، بە پێی بەرچاورۆونی و هاوکاریکردنی دەربازبوانی گوندەکە، کە لە ٢٥ ئابی ١٩٨٨ دا بەچەکی کیمیایی بۆمبارانکرابوو. شوێنەوارناسی تیمەکە مەسحێکی ستانداردی بۆ کەلاوەکانی گوندی برجینی ئەنجامدا. شارەزایانی ئەنترۆپۆلۆجیای پزیشکی عەدلیش گۆڕی ئەو کەسانەیان هەڵدایەوە کە بە گازی کیمیایی مردوون.

هەر لەوکاتەدا پارێزەرانی تیمەکەش چاوپێکەوتنیان لەگەڵ گوندنشینە دەربازبوەکاندا کرد. بێجگە لەوە، تیمەکە خۆڵ و خاکی لەو چاڵانە دەرهێنا کە بۆمبە ژەهراویەکانیان بەرکەوتبوو. گرنگترین بەرهەمی ئەوکارەش ئەوەبوو کە لە ساڵی ١٩٩٣ دا، تاقیگەی چەکی کیمیایی وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا لە پۆرتن داون Porton Down ڕاپۆرتێکی لەسەر دۆزینەوەی پاشماوەی گازی خەردەل و دەمار، لەو نمونانە بڵاوکردەوە کە لەو شوێنانە وەرگیراون، ئەمە یەکەم حاڵەتی پەلاماری چەکی کیمیایی بوو کە لەسەر بنەمای پاشماوەی توخمی کیمیایی سەلمابێت لەوشوێنەدا کە بۆمبی بەرکەوتبێت و شوێنەواری بەجێهێشتبێت[١٣]. جگەلەوە هەرئەو تیمە لە کۆمەڵگایەکی تر کە ئەنفالکراوانی بۆ ڕاگوێزرابوون، گۆڕیان هەڵدایەوەو پشکنینیانکرد[١٤] سەرەتا گۆڕستانەکە لەلایەن پسپۆڕانی

١٣. لە راپۆرتەکەی میدل ئیست ۆچدا کە ئێستا بریتییە لە کتێبێکی گەورە (جینۆساید لەعێراقء پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد- وەرگیرانی محمد حەمە صالح توفیق) لەوێداو لە بەشی ئەنفالی کۆتاییدا، باسی هەڵدانەوەء ڕووپێو کردنی ئەم گۆڕانە کراوە لە کۆمەڵگای بەحرکە ـ جێژنیکان.

١٤. لەهەمان راپۆتدا باس لەهەلدانەوەی ئەو گۆەرەشکراوە لە کۆمەڵگای بەحرکە کە زۆرلەئەنفالکراوەکانی ناوچەی بادینانی بۆ راگوێزرابوون.

ئارکیۆلۆجیەوە ڕووپێوکرا بۆ دەسنیشانکردنی ڕێژەی گۆڕی منداڵ و گەورە. پزیشکیی (عەدل) دادوەری پزیشکیش گۆڕی سێ منداڵیان هەڵدایەوە، پشکنینەکە ئەو قسانەی پشتڕاستکردەوە، کە پێشتر بە تیمەکەیان ڕاگەیاندبوو پاشئەوەی پاشماوەی پەیکەرە ئێسکی کچێکی ساوای تێدابوو کە تەمەنی نزیکەی ساڵێک دەبوو، ئەو ساوایە خوشکی دەربازبوویەکی کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کوریمێ بوو کەبەدەستی خۆی لەوێ ئەسپاردەی خاکی کردبوو، کە لە شیکاریدا دەرکەوتبوو نیشانەی بەدخۆراکیی پێوەدیارە ئەویش ئەو ڕاستیەی سەلماند کە ئەنفالکراوەکان تا ئاستی مردن برسی کراون.



# دەقی دیدارەکەی هاشم

## هەواڵی کۆمەڵکوژی گوندی کورێمی گەیشتبووە کەسوکارمان و پرسەشیان بۆ دانابووین، هەتا خۆمان تەسلیم نەکردەوە، نەیانزانی بوو کە ئێمە ماوین.

کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ ئەوکاتەی سەرقاڵی ئامادەکاری بووین بۆ کۆنگرەی بە جینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال لە شاری هەولێر پێشنیاری ئەوەم بۆ ئەندامانی لیژنەی ئامادەکارکرد کە دەربازبوانی کۆمەڵکوژی کورێمێ بانگهێشت بکەین و وەکو شایەتحاڵی زیندوو ئامادەبن، بۆئەوەی ماوەیەکیان بدەینێ بۆ گیرانەوەی چیرۆکی ئەو کۆمەڵکوژییەو چۆنێتی دەربازبوونیان، خۆشبەختانە سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکە بێ مشتومڕ پێشنیارەکەمیان پەسەندکردو جێبەجێکردنیشیان هەر بەخۆم سپاردەوە، هەرچەندە من لەنزیکەوە هیچکام لەو بەرێزانەم نەدەناسی و چاوم پێیان نەکەوتبوو، بەڵام کە ئەوانیش ڕەزامەندیان دەربڕی و هاتن بۆ کۆنگرەکە دەرفەتی ئەوەم بۆ رەخسا لەنزیکەوە چاوم بەسێ لەو دەربازبوانەی کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کورێمێ بکەوێ، ئەوانیش (عبدالکریم نایف، عبدالقهار خەلیل، ئەبابکر عەلی سەعید بوون) نوێنەری بنەماڵەی «ئال ئعێشم»یش کە تەیموری تەمەن دوانزە ساڵیان داڵدەدابوو هەریەک لە «شێخ محمد، حسێن، خالید» بانگهێشتمان کردن، هەر لەسەر پێشنیاری من، دارا محەمەد عەلی کە لەکاتی ئەنفالدا منداڵێکی تەمەن ٨ ساڵان بووەو لە نوگرەسەلمان رزگاریان ببوو، دوو ڕۆژ پێش دەستپێکردنی کۆنگرە بانگهێشتکران و لەگەڵ گەیشتنیشیان خێرا، کۆبوونەوەم لەگەڵدا کردن و ڕێنمایی خۆمم پێگوتن و کات و شوێن و چونێتی قسەکردنیانم پێوتن، بەوەش زۆر

دڵخۆش بووم کە لە یەکەمین ڕۆژی کۆنگرەکەدا یاوەریم کردن بۆ سەر تەختی پێشکەشکردن و دوای ئەوەی بە ئامادەبوانی کۆنگرەم ناساندن ئەوانیش هەریەکەو بەپێی کاتی دیاریکراوی خۆی چیرۆکی دەربازبونی خۆیان و ئەندامانی بنەماڵەی ئال ئعێشمیش چۆنێتی داڵدەدانی تەیمورو هەندێک لە یادەوەرییەکانی منداڵی خۆیان لەگەڵ تەیمور بەسەرکەوتوویی گێرایەوە. بەداخەوە من ئەو کات هاشمم نەدەناسی، بەڵام دواتر هەر بە هۆی دەربازبوانی کۆمەڵکوژی کورێمێوە کە داوەتکرابوون بۆ یادی کیمیابارانی هەڵەبجە لە شاری سلێمانی چاوم بە هاشم محمدیش کەوت و پەیوەندیمان گرێدا. بەڵام بە هۆی سەرقاڵی هاشمەوە ئەم دیدارە دواکەوت بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠١٠.

پاش تێپەربوونی ٢٣ ساڵ بەسەر پەلاماری ئەنفال و کۆمەڵوژی گوندی کورێمی ناوچەی بادیناندا بۆیەکەمینجار دیدارێکم لەگەڵ «هاشم محەمەد ڕەشید» سازدا، کە بە بریندداری لەکۆمەڵکوژی ئەنفال دەربازبوە. هاشم لە ساڵی ١٩٦٣ لە شاری زاخۆ لە دایکبووە، تەمەنی پێنج ساڵان بووە کە هاتوونەتەوە بۆشاری سلێمانی، لەوکاتەوە هەر لەگەڕەکی سەرکارێزی شاری سلیمانی ژیاوە، بەڵام لەبەرئەوەی ماڵی خاڵی لەگوندی کورێمێی ناوچەی بادینان نیشتەجێبوون، ئەویش لەکاتی جەنگی عێراق- ئێراندا وەک سەربازێکی هەڵاتوو دەچێت لەگوند نیشتەجێدەبێت. دایکی پێی خۆش بوو بچێتە ماڵی خاڵی و وەکو ئامانەت بەبراکەی سپارد، دواتر دەبێتە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەوێ دەمێنێتەوە تا پەلامارەکانی هەشتی ناوچەی بادینان، پاشئەوەی هیچ رێگەچارەیەکیان

نامێنێ و پاش تەکبیروڕای خۆیان بڕیاریاندا خۆیان ڕادەستی سوپا بکەن، هاشم یەکێکە لەو ٣٣ کەسەی لەگوندی کورێمێ پاش ئەوەی کۆکراونەتەوەو پۆلێنکراون، دواتر بەفەرمانی ئەفسەرەکان دراونەتەبەر دەستڕێژی گوللەو بەچاوی خۆی کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کورێمێی دیووەو خۆشی بەرێکەوتێکی سەرسوڕهێنەر بەبریندارى ڕزگاری بووە. لەودیدارەدا هاشم زۆر بەوردی باسی دەربازبوونی خۆی و ڕۆژانی دوای دەربازبوون دەگێڕێتەوەو زۆریش نیگەرانی دەربڕی لەوەی حکومەتی هەرێم بەکەمتەرخەمیەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و دەڵێت: (هەتا ئەم چرکەساتەش نە لەناو هیچ دامودەزگایەکی ئەنفالدا ناوم هەیە، نە دەشزانن من هەم)

**ئەگەر خۆت بناسینیت؟**

ناوم هاشم محەمەد ڕەشیدە لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣م لەشاری سلیمانی لەگەڕەکی سەرکارێز لەدایکبووم و ئێستاش هەر لەوگەڕەکەی شاری سلیمانی دەژیم.

**پلەی خویندەواریت چەندە؟**

دەرچووی قۆناغی دووەمی ناوەندیم.

**تۆ خەڵکی سلێمانی بوویت، چۆن گەیشتوویتە بادینان و بۆچی لەوێ کەوتیتە بەرپەلاماری ئەنفال..؟**

لەبەرئەوەی ماڵی خاڵم لەوێ بوون، من ساڵی ١٩٨١ لە سەربازی هەڵاتم، تاقە سەرپەناشم ئەوەبوو بچمە لادێ وەک هەر سەربازێکی تر کە دانیشتووی شار بوایە هەڵدەهات بۆ ئاواییەکان، منیش چوومە لای خاڵەکانم لەگوندی کورێمێ.

**کورێمێ لە کوێیە؟**

گوندێکە سەربەناحییەی مانگێش «دۆسکی» یشی پێدەڵێن لە باکوری پارێزگای دهۆک.

**کورێمێ چەندە لەناحییەکەوە دورە؟**

رەنگە بەسەیارە هەر پێنج دەقەیەک ببێت، بەڵام بە بەپێ سێ چارەک دەببێت، ناگاتە کاتژمێرێک نزیکە.

**باشە بۆچی مالی خاڵەکانت کەوتبوونە ئەو ناوچە دورەدەستەوە؟**

باوکم کاتی خۆی لەبادینان دایکمی خواستووەو منیش کە لەخزمەتی سەربازی هەڵاتم چووم بۆ لادێ و ئەوەش ئاواتێکی دایکم بوو کە بچم لەماڵی خاڵم بمێنمەوە ئیتر بەقسەم کردوو چووم لەگوندی کورێمێ ناوچەی بادینان مامەوە.

**شوێنی روداوەکە دەزانم لە گوندی کورێمی بوو، ئەی بەرواری تەواوی ڕۆژی کۆمەلکوژییەکەت لەیادماوە؟**

١٩٨٨/٨/٢٨ رێک ئەو بەروارە بوو

**کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ تاکە حاڵەتی ئەنفالە، پێشتر کوشتنی ئەنفالکراوەکان لەشوێنی خۆیان لەهیچ شوێنێک و لەهیچ قۆناغیکی تر روینەدابوو..!! وەک دەزانی ئەنفالکراوەکان کۆدەکرانەوەو دەبرانە قەڵای نزارکێ لە بادینان و لەگەرمیانیش دەبرانە قەڵای قۆرەتوو، بەڵام لە کورێمی زۆر جیاواز بوو هەرلەجێدا ئەنفالکراوەکان کۆمەلکوژکران..! ئایا تۆ هۆکارێک شک دەبەیت؟ بەبروای تۆ بۆچی ئەم حاڵەتەی ئێوە لەهی شوێنەکانی تر جیاوازبوو..؟**

من وای بۆ دەچم لەبەرئەوە بوبێت کەگوندی کورێمێ هەر لەکۆنەوە لەکاتی شۆرشدا تاکەگوند بووە کە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرهەڵستی حکومەتیان کردووە، ئەوکاتەی منیش لەوێ بووم زۆرجار پێشمەرگە دەهاتنەوە گوندی کورێمێ لەوێ پشویان دەداو نانیان دەخواردو دەنوستن

ئەمانەو کوڕانی گوندەکەش وریابوون و هاوکاربوون پێشمەرگەش بەوە دڵخۆش بوون، هەروا من بزانم شەش تا حەوت جار بەکۆپتەرو دەبابەوە هێرشکراوەتە سەر گوندەکە بەڵام هیچییان نەیانتوانیوە بگەنە ناو گوندەکە تەنها لەساڵی ١٩٨٥دا جارێک حکومەت گرتی و هەموو گوندەکانی سوتاند.. با ئەوەشم لەیاد نەچێت کە هەر هەمان ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ لەپەلاماری ئەنفالدا گوندێکی تر هەیە بەرانبەری گوندی کورێمێ دێی تیرێی پێدەڵێن (گەلی تیرێ) بەهەمان شێوەی ئێمە هەمان حاڵەت هەموو پیاوەکانیان جیاکردبۆوەو کۆیانکردبوونەوە، بەهەمان شێوەی ئێمە چاوبەست و قۆڵبەستیش کرابوون، تەنها مابووەوە سەرئەوەی فەرمانی گوللەبارانیان بدەن، بەڵام ئەو ئەفسەرەی لەوێ ببوو وتبووی من ئەوگوناهە ناخەمە ئەستۆی خۆم من پیاوێکی عەسکەریم دەیاننێرم بۆ دهۆک باکەسێکی تر ئەوکارە جێبەجێ بکات «بیانکوژیت».

**کەوایە ئەوانەی لای ئێوەش دەیانتوانی وەکو ئەو ئەفسەرە بکەن..؟**

لەلای ئێمە دوو ئەفسەربوون لەناو خۆیاندا مقۆمقۆیەکیان کرد و جیهازیان کرد ئینجا تاوانەکەیان ئەنجامدا.

**ناویانتان نەزانی؟**

بەڵێ ناویان محەمەد و عەباس بوو، هەردوکیشیان ملازم بوون، بەڵام یەکێکیان بەوەی تری دەگوت (گەورەم) ڕەنگە هۆکاری ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ پلەی حزبی دیارە یەکێکیان لەوی تریان لە حزبدا گەورەتربووە.

**ئێوە چەند کەستان پێشمەرگە بوون کە خۆتان دایەدەستەوە..؟**

چوارکەسمان پێشمەرگەبووین هەمووشمان دەربازبووین (عەبدالقهار، ئەبابەکر، کەریم نایف، من). عەبدولجباریش هەر پێشمەرگە بوو، بەڵام ئەو دەرنەچوو.

**ئەویش هەر لەکۆمەڵکوژییەکەدابوو؟**

بەڵی لە ١٩٨٨/٨/٢٨.

**ئەفسەرەکان دەیانزانی ئێوە پێشمەرگەن؟**

هەموومان بەچەکەوە گیراین ئەوانەی پێشمەرگەش نەبوون چەکیان هەبوو. ئەوانەی تر هاوڵاتی گوندەکە بوون.

**ماڵی خاڵیشت هەموویان کوژران.؟**

بەڵی بەداخەوە خاڵم دەرنەچوو (خەلیل محەمەد عەبدوڵا) باوکی عەبدالقهارە، بەڵام عەبدالقهار رزگاری بوو.

**مانای عەبدالقهاریش کە دەربازبوویەکی ترە خاڵۆزاتە؟**

بەڵێ کوڕی خاڵمە بەداخەوە خاڵم لەو کۆمەڵکوژییەدا دەربازنەبوو شەهیدکرا. خاڵم منی زۆر خۆشدەویست منی لە هەموویان جیا تەماشادەکرد، چونکە دایکم منی بە ئامانەت ڕادەستی ئەو کردبوو، بەڕاستی رۆڵیکی زۆرگەورەی لەژیانی مندا بینی.

**ناوی ئەفسەرەکانت هێنا، چۆن زانیت ئەوانە ناویان محەمەدو عەباسە؟**

بانگی یەکتریان دەکرد بەوەدا زانیمان.

**ناوچەی بادینان لەپێشەوە بەچەکی کیمیایی هێرشی دەکرایە سەرو دواتر پەلامار دەدرا لەلای ئێوەش هەروابوو مەبەستم ئەوەیە کورێمیش پێشتر بەچەکی کیمیاوی لێدرا..؟**

لە ١٩٨٨/٨/٢٥ سێ ڕۆژ پێش پەلاماردانی ئێمە ٤ دێ بوو یان ٥ بوو کیمیابارانکران یەکێک لەوانە گوندی برجینێ و ورمێلێ، تیک و بەرکەڤرا بەرچەکی کیمیایی کەوتن لەوێ شاخی هەمزا هەیە وەکو گۆیژەی لای خۆمان وایە ئەمدیو ئەودیو، ئەو ڕۆژە سەعات ٧ –٨ لەو دەورە دابوو کە تەیارە هات لە ورمێلێی دا، ئیتر کە ئەو بۆمبارانە بوو لە ٨/٢٦ ئێمە بەرەو سنوری تورکیا رۆیشتین، بە خێزانەوە، منداڵ و ژنمان لەگەڵدابوو بەو رێگایەدا رۆیشتین کە بەرواری باڵا دەکاتە دوو بەشەوە، ئێمە بە پشتی جادەکەدا رۆیشتین، ئەو شەوەی کە ئێمە رۆیشتین (لێرەدا هاشم ماوەیەکی زۆر بەبێدەنگی مایەوە) باس ناکرێت چ ڕۆژی حەشرێک بوو باوەڕ بکە بەدەم باسناکرێت زمان دەرقەتی ئەو دیمەنە تراژیدیایە نایات، شەوێکی مەترسیدار پڕ لە هاوار قیژەو زریکەی منداڵ گریانی ژن، لێقەومان ترس و برسێتی، ئیتر ڕۆژی حەشر کە باسی ڕۆژی حەشر دەکەن ئەوە بوو کە ئێمە بینیمان. چونکە کە کار گەیشتە ئەوەی ئینسان منداڵی خۆی بەجێبهێڵێ چۆن دەیهێنێتە پێشچاو؟ چۆن گوزارشتی لێدەکەیت..؟ ئەستەمە زۆر ئەستەمە بتوانم ئێستا وەکو خۆی

بیگێڕمەوە. ڕێگاکەی ئێمە زۆر زەحمەت و دژوار بوو ڕێگایەک لەنێوان دووشاخدا بوو، پێشتریش بۆمبارانی وەرمیلێ و برجینی و گوندەکانی تریان دیبوو بەچەکی کیمیاوی زۆر ترسناک بوو خەڵک چاوەڕوانی مەرگی بەکۆمەڵی دەکرد.

**ئێوە لەهەوڵی ئەوەدابوون بگەنە سنوری تورکیا، بەڵام دیارە چەکی کیمیاوی تۆقاندبوونی..؟**

بێگومان ئەو چەکە کاریگەری زۆری هەبوو بەسەرمانەوە، بەڵام ئەوە هەوڵی یەکەمجارمان بوو، ئەو شەوە دەرۆیشتین، بەڵام لەبەر قەرەباڵغی و هاتوچۆی سەیارەی سەرباز گەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان ئێوارەی ٢٧ مانگ گەیشتینەوە ناوچەکەی خۆمان لەو ڕەبایانەی دەوروبەری کورێمێ و ناحییەی مانگێش هاتن بۆلامان پرسیاری بارودۆخەکەمان لێکردن وتیان: وەزع زۆر خراپە لە تەمەنی ١٠ ساڵ بۆ سەرەوە هەرچی ببینن دەیکوژن کەس دەربازنابێت.

**ئەو گەنجانە چۆن ئەو زانیاریانەیان زانیبوو؟**

لە ڕەبایەکان بیستبوویان ئەوان هەموو خەڵکی ئەو ناوچەیە بوون، هەندێکیان خەڵکی گوندی باسێ بوون، جاش بوون، ئێمە ئێوارەی ٢٧ی مانگ دیسانەوە شوێنی خۆمان گواستەوە.

**ئەو گەنجانە بۆ هاوکاری ئێوە هاتبوون.؟**

نەخێر ئەوانیش کەسوکاریان هەبوو لەناوچەکە، هاتبوون ئەو هەواڵەیان

پێبدەن. لەوێ زۆن هەبوو ئەو شوێنانە بوون کە خەڵک گوندەکانی چۆڵکردبوو لەناودۆڵ و ئەشکەوتەکاندا شوێنی بۆخۆی چاککردبوو. ئەوانیش لەوێوە هاتن لەپێشەوە ئێمە ئەوانمان بینیی و بانگمانکردن، ئیتر کە زانیاریمان لێوەرگرتن دیسانەوە ڕۆیشتین بەرەو باتوفە، بەڵام بێسود بوو چونکە ئەو ریگایانە هەمووی گیرابوون، ئیتر ئێمە کەوتینە خوار جادەوە کە بینیمان جادەکە گیراوە، جاشەکان لە پێش سەربازەکانەوە دەهاتن تەقەیان دەکرد، بیگومان ئەوەش کاریکی باش بوو بۆ خەڵک، چونکە رێپیشاندەر بوو ئەو تەقەکردنە باش بوو، بۆ ئەوەی نەکەوینە بۆسەکانییانەوە.

**تۆ دڵنیایت بۆ رێپیشاندان تەقەیان دەکرد؟**

من بەبەڵگەوە موستەشار هەبوو لەو ناوچەیە بەدەیان کەسی گرتووەو رزگاری کردووە، ئێمە دواجار هەر ئەوان فریامان کەوتن. من چەند جارێک سەردانیم کردووە هەتا کە چوومە لای نەیناسیومەتەوەو خۆم خۆم پێناساندووە. بەڵام هەبوو خراپ بوون تەقەیان لە ئێمە دەکرد ئەوانە جاشی هەولێری بوون مەفرەزە خاسەیەک بوو عەلییان پێدەگووت. ئەو زۆر خراپ بوو.

**ئەو موستەشارە ناوی چی بوو؟**

خالید شیخۆ. ئەو ئێستا لە ئەڵمانیا دەژی کە هاتەوە چوم بۆلای سەردانم کرد. نەشیدەناسینەوە ئێمە خۆمان پێناساندووە.

**ئێوە چۆن کەوتنە بەردەستی بەعس خۆتان تەسلیم کرد یان گیران؟**

لەگوندی هەمزا بووین جادەیەک هەیە لە پشتیەوە ئەویش گیرا، بەڵام هاتینەوە بەرەو کورێمێ لەوێ چەمێکی لێیە کە پەڕینەوە هاتینەوە گوندی کوریمێ و بەرۆشکێ و هەمزاو پاسێ، ئەوانە هەمووی گیرابوون سوپای تیدابوو، لەمدیوی بەرواری باڵاوە ئەو هێڵەش هەمووی گیرابوون و گەمارۆ درابوون، بۆمبارانێکی زۆر هەبوو بەدەبابەو تۆپ لە هەرکوێیەکەوە تروسکاییەک ئاگرێکیان بدیبایە تەقەیان لێدەکرد، شەوی ٨/٢٨ ئێمە لەپشتی گوندی کورێمێ بووین ئیتر مشتومڕی ئەوەمان بوو چی بکەین و چی نەکەین، ئێمە خەڵکێکی زۆر بووین عائیلەشمان لەگەڵدابوو یەکێک لەوانە ماڵی خالم بوون (خەلیل عەبدوڵڵا) خالم هەمووومانی کۆکردەوە و پێیووتین ئێوە بڕۆن ئێمە دەمێنینەوە بشمانگرن لە ئیوە سەلامەترین زۆر هەوڵیدا کەس بەقسەی نەکردو نەرۆیشتین ئێمەش لەگەڵیانداماینەوە، جەیش و جاشیش هەروا ٧٠٠ مەترێک لێمانەوە دوربوو، دیار بوو حساباتی تایبەتیان بۆ گوندی کوریمێ کردبوو، نەخشەیەکی وایان بۆ دانابوو کە تاقە منداڵێکیش دەرنەچێت، تانەت ئاژەڵەکانیش لەو پەلامارەدا بەسەلامەتی دەرنەچن. تەنانەت هەندێک سەربازیان خستبووە پێشەوە چەکەکانیان فیشەکی تیدانەبوو لە وانەبوون کە تازە خۆیان تەسلیمکردبۆوە ئەوانە لە ئەهوارەکانەوە هێنابوویانن، بۆ ئەوەی ئەگەر شەڕیش ببێت لە پێشەوە ئەوانە بکوژرێن.

**چۆن ئەو زانیارییەت دەستکەوت؟**

من ئەمەم دوایی زانی لەقەڵاکەی دهۆک زانیم.

**مەبەستت قەڵای نزارکێیە؟**

بەڵی چونکە دوایی ئێمەش هەر رەوانەی ئەو قەڵایە کراین.

**سەرئەنجام چۆن کەوتنەدەست هێزەکانی سوپا هەتا گوللەبارانتان بکەن؟**

هیچ رێگایەک نەمابوو دوا ریگا ئەوەبوو کە خۆبەدەستەوە بدەین، کە خۆشمان دایە دەستەوە ئەوە چارەنوسمان بوو کە دەیبینن کۆمەڵکوژکراین. بەڵام بەداخەوە ئەوەی بەسەر ئێمە هات و ئەوەی ئێمە دیمان لە گێڕانەوە نایات. ئێستاش بەداخەوە. بایەخ بەو دۆسییە نادرێت لەلایەن حکومەتی هەرێم و کەسانی بەرپرسەوە، پارە بۆ زۆر شتی ناپێویست خەرج دەکرێت و ئەم دۆسێیەش ئاوا ماوەتەوە.

**دواتر باس لەو لایەنەش دەکەین، بەڵام پێمخۆشە جارێ هەر لە کورێمێ بووەستین، دەمەوێت بزانم چۆن ئێوە کەوتنە دەست هێزەکەی سوپا..؟**

ئەو بەیانیەی تاوانەکەی تێدا ئەنجامدرا ١٩٨٨/٨/٢٨ کۆمەڵیک خەڵک لەوانە حاجی لەتیف (باوکی کەریم نایف) خۆی ناوی نایفە بەڵام هەر بەحاجی لەتیف ناسراوە، لەگەڵ خاڵم و کۆمەڵیکی تر چوون قسەیان لەگەڵ سوپا کردبوو، لەسەر قسەی خۆیان و لەسەر کەلام شەرەفی

ئەوان و سەرۆک گوایە لێبوردنێکی رانەگەیەنراویش هەیە ئێمە دابەزین و خۆماندایە دەستەوە، لەڕاستیشدا هیچ رێگەیەکمان بەدەستەوە نەمابوو هەموو بەرزاییەکان گیرابوون، لە دۆڵێکدابووین، هەر چوار لامان گیرابوو، هاوین بوو کاتژمێر ٧:٣٠ ی بەیانی بوو کە چووینە ناویان، ئەو کۆمەڵە ریش سپییە کەوتنە پێشمانەوەو پەرۆیەکی سپیان کردە دارێکەوەو رۆیشتین، هەر کە گەیشتینە لایان، هەرچی چەک و تاقمی فیشەک و ئەوانە بوو لێیان سەندین. سەرەتا جیایان نەکردینەوە ژن و منداڵەکانیشمان هەر لەگەڵ بوو کەچەکیان کردین، دوای ئەوەی چەکەکانمان دانا کەوتنە پشکنینمان تەنانەت ئەوەی چەقۆیەکیشی پێبوو لێیان سەند، ئینجا پۆلێنکراین و ژن و منداڵەکانیان جیاکردەوە و بەرەوخوار ئاواییەکەی کورێمێ بردیانن، دواتر هاتن کۆمەلێک پیریشیان جیاکردەوە.

**جارێکی تریش پۆلێنکرانەوە؟**

بەڵێ سێجار پۆلێنکراین لەو نێوانەدا خەڵاتی خالْم بە رێکەوت رزگاری بوو ئەویش برای عەبدالقهار بوو، ئەو منداڵبوو دوجار ناردمانەوە ناو ژن و منداڵەکان و عەسکەرەکان دەیانهێنایەوە لای خۆمان بۆ جاری سێهەم ناردمانەوە ناو ژن و منداڵەکان باشبوو ئەوجارە رزگاری بوو ئێستا خەڵات لەژیاندا ماوە. دەنا ئەویش دەبوایە وەکو ئێمە گوللەباران بکرایە. ئیتر کە پۆلێن تەواو بوو ئێمە پیاوەکان ٣٣ کەس ماینەوە. کە ریزیانکردین بەرەوخوار ئاواییەکە بردیانین هەروا ٢٠٠ مەترێک لە خوار دێییەکەوە رایانگرتین، لە ریزەکەدا لە ڕاستەوە بۆ چەپ دووەم کەس من بووم، بەڵام

که لەچەپەوە بهاتیتایە من دەبوومە ئەخیر کەس، کە گەیشتینە خوارەوە ڕەزێکی ترێی لێبوو، لەوێ فەرمانیان پێکردین دانیشین هەر بەتەنیشت ڕێگەکەوە کە بە بەردەم ڕەزەکەدا دەرۆیشت. من زوو دڵم خەبەری دا وتم: ئیتر ئێمە کۆتایمان هات دەمانکوژن. بڕوا بکە کورێکی پوری خۆم لە تەنیشتمەوە بوو ناوی حەمید بوو ئەویش لەوێدا شەهیدبوو پێمووت دەمانکوژن.

**چۆن دەتزانی دەتانکوژن؟**

دیاربوو لە دەموچاوی ئەفسەرەکاندا دیاربوو، شتێکی ڕون و ئاشکرابوو کە ئەو مامەڵەیە بۆ کوشتنمان بوو. جموجۆڵێکی زۆریان هەبوو هەردەهاتن و دەچوون و جیهازیان دەکرد، جەیش و جاشێکی زۆر بەو ناوەدا بڵاوو ببۆوە، ماوەیەکماینەوە ئینجا ئاویان بۆ هێنایین. ئینجا هاتنە پێشەوە ووتیان هەستن هەستاین و بردیانینە خوارتر لەوکاتەدا من کەوتمە پێشەوە یەکەم کەس بووم لە ڕیزەکەدا عەبدالقهار دووەم کەس بوو، لە دوامەوە بوو، کەمێک شۆربوینەوەو دیسانەوە فەرمانیان پێکردینەوە دانیشن. بەرلەوە تەقەیەکی زۆر زۆر بوو لە هەمووڵایەکەوە تەقەبوو. ئێمەش نەماندەزانی چییە. خواریشمانەوە بە جاش گیرابوو.

**ئەو سەربازانەی تەقەیان لێکردن هەر سەربازی سوپای عێراق بوون، یان هێزی تایبەت بوون؟**

نەخێر سەربازی ئاسایی (نیزامی) سوپا بوون.

**شوینی گوللەبارانکردنەکە لەناوگوندەکەدا نەبووە..؟**

نا نزیکەی دوو سەد ٢٠٠ م دوریان خستینەوە شوێنەکە لەنزماییەکەدا بوو کە بەریز بردیانین من لەپێشەوە بووم هەتا لە گوندەکەوە دیارنەماین ٣٣ کەس بووین، سەربازەکان دوو مەترێک لە سەروی ئێمەوە لە بەرزاییەکەوە وەستابوون فەرمانیان پێکردین بەلای ئەواندا وەرگەڕێین.

**ئەوەی ئەمری پێکردن پلەداربوو یان هەر سەربازێکی ئاسایی بوو؟**

نا ئەفسەرێکیان بوو ملازم بوو.

**کامیان بوو عەباس بوو یان محەمەد؟**

وەڵڵا ئەوەیان نازانم کامیان بوو. ئیتر هەر کە ڕومان بۆلای ئەوان وەرگێڕا فەرمانیان پێکردینەوە کە دانیشین، من کە دانیشتم و سەرم بەرزکردەوە سەربازەکانی سەرووی خۆمانم دەدەی لەبەرئەوەی ئەوان دومەترێک بەرزتربوون لە ئێمە بەڵام ئەوانەی ئەولاترم دەبینی. ئیتر هەرئەوەندەی دانیشتین ئەوەندەی پێنەچوو فەرمانی کرد (ارمی) گوللەبارانیان کردین. ئیتر خۆ ناگێڕدرێتەوە (هاشم لێرەدا لە قسەکردن وەستا) ئەو گوللەبارانکردنە عەشوائی بوو، تەقەیەکی زۆریان لێکردین، ئیتر مەخزەنەکانیان گۆڕی جاری دووەم فەرمانی پێکردنەوە بەڵام ئەمجارە فیشەکەکان تەپەیان دەهات دیاربوو بەر گۆشت و تەرمەکان دەکەوت. ئیتر ناڵەو هاوار بەرزبووەوە، عبدالقهاری کوڕی خاڵم لەتەنیشتمەوە بوو، کەناڵەی لێهەستا هی ئەوە بوو فیشەکێک بەرشانی کەوتبوو لە

پەراسووەکانی خوارەوەیدا وەستابوو کە سەرمان نابوو بەئەرزەکەوە ووتی من برینداری ووتم: من هیچم بەرنەکەوتووە. من ئاگام لێبوو کە فیشەکەکان لە نزیک سەرم دەکەوتن بەردوخۆڵەکان دەکەوتنە سەرم، بە ئەسپایی پێمگووت من هیچم لێنەهاتووە ئەگەر دەرچووین من هاوکاریت دەکەم، ئەوەی پاڵم زۆرخراپ بەریکەوتبوو هەموو لەشی لەخوێندابوو، کە تەقەکان تەواو بوون جاری سێهەم فەرمانی گوللەبارانکردنماندرایەوە ئەوجارەش هەر سەلامەتبووم، ئینجا گوێم لێبوو گووتی برۆن (خللی ا×ربهم واحد واحد) یەک یەک گوللەیان پێوە بنێن. سەربازێک رێک لە ئاستی سەری منەوە هاتە خوارەوە رێک لەسەرسەری من وەستا، سەرم کەوتە نێوان هەردوو پۆستاڵەکەیەوە.

**ئەگەر باشتر بۆم روونبکەیتەوە؟**

ئەوان کە لەبەرزییەوە بوون سەربازەکە بەلێژاییەکەدا هاتە خوارەوە رێک هاتەخوارەوە لەسەر سەری من وەستا کە قاچی بڵاوکردەوە بۆ تەقەکردن سەرم کەتە نێوان هەردوو قاچییەوە ئیتر دەڵێن رۆح لە شوێنێکی قوڵدایەو بە ئاسانی نایەتە دەرەوە ئەگینا من ئەو رۆحەی کە مابووشم ئەو هەناسەیەی کە پێشتر دەمدا نەمابوو. کە گوێم لە دەنگی تەقەکە بوو هەستم کرد قاچم وەک کارەبا لێی بدا تەزوویەکی پێداهات قاچم بڵاوبووەوە . ئیتر لەسەر سەری من لاچوو چووە سەر عەبدالقهار بەڵام تەقەی لەو نەکرد رەنگە لەبەرئەوە بووبێت ئەو تەرمەی بەسەرئەودا کەوتبوو خوێنەکەی هەمووی بەسەر عبدالقهاردا رژابوو هەموو جەستەی

سوربوو، له عبدالقهار تێپەری دەستی بە پەلەپیتکەی تفنگەکەیدا نا بەریز دەستی لەسەر هەڵنەگرتن هەتا هەموو ریزەکەی تەواو کرد کە فیشەکەکان بەتاڵبوونەوە ئیتر رۆیشتەوە سەرەوە.

**دوای ئەوە کەسی تر بۆتان نەهاتە خوارەوە؟**

نا ئیتر کشانەوە، ئاوا نزیکەی ٥٠٠ — ٦٠٠ مەترێک کشانەوە بەڵام ئیتر شوێنەکەی ئێمە نەدیووبوو، شوێنەکەی ئێمە لەوانەوە دیارنەبوو، هەرچەندێک کشابنەوە ئێمە لەوانەوە دیارنەماین. بەڵام ئیتر دەستیانکرد بەتەقاندنی قازیفەو هاوەن رەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بووبێت بڵێن ئەوانەمان لەشەڕدا کوشتووە.

**ئیتر بەجێیان هێشتن و دایان نەپۆشین؟**

نا ئەوان رۆیشتن و بەو شێوەیە بەجێیان هێشتین. بەڵام گڕ بەرببوەوە پوش و پەڵاشەکە، ئەگەر هەڵنستایناتەوە دەسوتاین، ئیتر من هەستامەوە لە دوای من عەبدالقهاریش هەستایەوە ووتم منیش بریندارببووم عبدالقهار دەیتوانی بڕوا، بەڵام من نەمدەتوانی، لەوە دابووین بڕۆین کەریم نایف لە بەشی سەرەوەی ریزەکەدا بوو بەسەر چنگ بەرەو لای ئێمە هات ئەویش سەلامەت بوو، تەنها فیشەکێک سەرچیغ شانی گرتبوو، ئەویش کەوتبووە ژێر تەرمەکانەوە ئێمە هێشتا لەوێ بووین ئاگر کەوتەناو جەنازەکانەوە. عبدالقهار بەکەریمی گوت بزانە ئەو ئاگرە ناکوژێنیتەوە با جەنازەکان نەسوتێن، کەریم کەمێک خەریک بوو، ئەو گەنجێکی تازە پێگەیشتووبوو ئەو شتانەی نەدیبوو، کەریم گەڕایەوە نەیتوانی ئاگرەکە بکوژێنێتەوە،

تولەرێگایەک هەبوو منیان پەراندەوە پشتییاندام بە کەندێکەوە بۆ ئەوەی نەسوتێم ئەوە کەمێک لە تەرمەکان دورکەوتبووینەوە. تا ئەوکاتە وامانزانی هەر ئەوسیانە ماوین. بەعەبدولقهارو کەریمم ووت: ئێوە بڕۆن دور بکەونەوە، قهار ووتی دەرۆم، ئەگەر نەمردم شەو دێمەوە بەدواتدا ئەگەر مردیشم ئەوە چار نییە. ئەوان رۆیشتن، بەڵام ووتم زوو زوو ئاورم لێبدەنەوە.

**لەهیچ شوێنێکەوە جەیش دیارنەبوو..؟**

نا ئەوانە رۆیشتبوونەوە ناو دێ . هەروا ٥٠٠ مەتریک لێمانەوە دوربوون. ئیتر من مامەوە کە ئاوڕم بۆلای تەرمەکان دەدایەوە چاوم هیچی نەدەبینی وەک تارماییەکی ڕەش دەهاتنە بەرچاوم لەپێشچاومدا گڕێکی سەوزیان لێ بەرزدەبووەوە.

**ئەی تۆ بۆ مایتەوە؟**

ئاخر من کە عەسکەرەکە هاتە سەرمان فیشەکەکانی بەقاچمەوە نا، ئیتر من نەمدەتوانی بڕۆم، ئەوان ماوەی ٢٠ دەقەیەک دەبوو ڕۆیشتبوون، من چنگم لە ئەرزەکە گیرکردو هێزم دایە بەرخۆم هەستامە سەرپێ خەریکبوو بکەوم، هەرچۆنێک بوو خۆمم گرتەوە جووتێک پیلاوی ئەدیداسی ئێرانیم لەپێدابوو، هەر کە قاچم دانا خوێن لەپیلاوەکانمەوە فیچقەی کرد. ئیتر رۆیشتم هەروا ٢٠ مەترێک دورکەوتمەوە ئەبابەکریشم بینی.

**ئەو چۆن دەرباز ببوو؟**

ئەو هەر لەکاتی تەقەکاندا رایکردبوو ئەو مسافەیە دورکەوتبووەوە لە ریزەکە دەرچووبوو لەدورەوە لێیاندابوو کەوتبوو ئەویش بریندار بوو، ووتم ئەبابەکر چیبکەین..؟ ووتی تۆ برۆ خۆت نەجاتبدە تۆ خۆت دیوە چیت لێهاتووە..؟ ووتم برۆ عەبدالقهارو کەریمیش رۆیشتوون، بەو حاڵەوە رۆیشتین، نزیکە ٧٠٠ مەتریک دورکەوتبووینەوە نەشماندەوێرا بە رێگاکەدا برۆین لەبەرئەوەی خوێنمان لێ دەرۆیشت نەبا بماندۆزنەوە. لەکوێوە پوش زۆربوایە لەوێوە دەرۆیشتم گەیشتمە چەمێک پێیدەڵێن چەمی بۆسەی شێری لەوێ وای پێدەڵێن. کە چووم لەوێ کەریم و عبدالقهارم بەدی کرد دووجار بانگمکردن گوێیان لێنەبوو جارێکی تر بانگمکردن خۆیاندا بەزەویدا چونکە ترسان. ئتر بانگمکردنەوە ووتم منم. وتیان چۆن هاتوویت و گەیشتوویتە ئێرە؟ وتم گەیشتووم، ئیتر لەو قسانەدا بووین کۆپتەر هاتە سەرمان، خۆمان شاردەوە تا کۆپتەرەکە رۆیشت ئیتر وڵاخێک ئەسپێک لەناو چەمەکەدا بوو چون گرتیانەوەو هێنایان منیان خستەسەری و رۆیشتین لەو ناوە کەپرو شتی خۆمانی لێبوو هەندێک دەرمان و شتیشمان هەبوو کەکاتی خۆی شاردبوومانەوە، ئیتر کەوتنە گەڕان هەندێک جلە کۆن و شەرواڵ و جامانەو پەرۆوپاتاڵیان دۆزییەوە بۆئەوەی برینەکانمانی پێبپێچن. عبدالقهار ووتی: من شوێنێک پێدەزانم دەچین لەوێ خۆمان دەشارینەوە. شارەزای چەمەکەش بووین، لەوێ دارێک هەیە پێیدەڵێن «قاچ» دارێکە وەکو سنەوبەر وایە، بەڵام دڕکاوییە، لەلای ئەو دارە کەندرێک هەبوو دورە رێگاو چەپەک بوو عەبدالقهار بەو شوێنەی دەزانی چوینە ئەوێ خۆمان شاردەوە، کەریم جانتایەکی شاردبووەوە لەو

شوێنەی پێش تەسلیم بوون خۆمان لێشاردبووەوە ئەو جانتایە دەرزی و چەقۆومەقست و ئەو شتانەی تێدابوو، ئەو رۆیشت جانتاکە بینێ ئێمەش لەوێماینەوەو خۆمان پاککردەوەو ئەوەندەی توانیمان خوێن و پیسیەکەمان لەخۆمانکردەوە، زۆری پێنەچوو گوێمان لە دەنگی خەڵک بوو، کەنزیکبوونەوە کەریم بوو سدقیشی لەگەڵدابوو، ئەویش دەربازببوو.

**سدقیش لەو کۆمەڵکوژییەدا بوو..؟**

بەڵێ ئەویش لەناو تەرمەکاندا دەربازبوو ئەو خەڵکی گوندێکی تربوو گوندی چەلکی.

**ئەی چۆن کەریم دۆزیبوویەوە؟**

کەریم کە چووبوو جانتاکە بێنێ بینیبووی ناسیبووەیەوە بەڵام سدقی سەری لێتێکچووبوو بەرەو ناحییەکە رۆیشتبوو کەریم بانگی کرد بوو ووتبووی ئەوە بۆکوێ دەچیت ئەو بەترسەوە پێیگوتبوو دەرۆم بۆ تورکیا ئینجا هێنابوویەوە بۆلای خۆمان پێی وتبوو کەوا هاشم و عەبدولقهاریش دەربازبوون و دەتبەم بۆلای ئەوان. ئیتر پێکەوە هاتن.

**واتا ئەگەر ئەو جانتایە نەبوایەو کەریم نەرۆیشتایە سدقی جارێکی تر دەکەوتەوە دەست بەعس و رەنگە دەربازنەبوایە ..**

بێگومان چونکە سدقی برایەکی تریشی بەناوی فەتاح دەربازببوو، بەڵام بەداخەوە ئەو جارێکی تر ونبوو کەس نەیزانی چی بەسەرهات.

**کەواتە ئێوە ٦ کەستان لەو ٣٣ کەسە دەربازبوون؟**

بەڵێ بەفەتاحەوە ٦ کەس بەبرینداری دەربازبووین، بەڵام فەتاح وەکو وتم جارێکی تر وون بوو ئێستا ماوینەتەوە ٥ کەس.

**ئەی باسی ئەبابەکرت کرد ئەو لەگەڵ تۆ نەهات بۆ چەمەکە؟**

نا ئەبابەکر ئەو شەوە هەتا بەیانی لە شوێنی خۆی مابووەوە بە قسەی خۆی کە دەیگێڕێتەوە. ئەوکاتە زۆریشم پێگوت بابڕۆین ووتی بە خوا ناتوانم ئەویش فیشەک لەقاچی دابوو. ئەو نەیدەزانی ئێمە بۆکوێ چووین.

**ئیتر کەریم کەهاتەوە جانتاکەی هێنا؟**

ئا جانتاکەی هێنا سدقی لەگەڵدابوو ئیتر سودمان لە شتەکانی بینی خۆمان یەکتریمان تەداوی دەکرد.

**ئەو گوللانە کوێی گرتبوو تەنها قاچت بوو؟**

من هەتا شەرواڵەکەشم دانەکەند نەمدەزانی چۆن بەرم کەوتووە، بەڵام دابووی لە قاچم لەرەگی پێمەوە دەرچووبوو.

**چەکەکە کلاشینکۆف بوو؟**

بەڵێ دوایی بە راپۆرتی پزیشکی زانیمان کە فیشەکەکانیش گڕدار بوون.

**دوای ئەوە هەرلەوێ مانەوە؟**

بەڵێ بۆکوێ بچین؟ کە خۆمان پاککردەوە پەڕۆ خوێناویەکانمان و شەرواڵەکانمان شاردەوە چاڵێکمان کردوو دامانپۆشین. ئەو شەوە هەرلەوێ ماینەوە دنیایەکی ترسناک و کشومات، بڕوا بکە هەوایەکی بەتین بهاتبایە دەترساین ڕۆژانێک بوون، هەرگیز شایانی لەبیرچوونەوە نین. مەرگێک باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو بۆنی خوێن، مەرگی مرۆڤ و تەنانەت دارودەوەنەکانیشم وەک شەهیدەکان دەهاتە بەرچاو. هەر چۆنێک بوو ئەو شەوەمان ڕۆژ کردەوە. بەیانی زوو دەوری سەعات ٨ عبدالقهار چوو بۆ نیگابانی لە سەرگردێک کە لە پشتمانەوە بوو. بۆئەوەی بزانین چی هەیەو جموجوڵی جەیش چۆنە.

**چۆن دەیتوانی سەرکەوێت ئەی ئەویش بریندارنەبوو؟ ئەو چەند فیشەکی بەرکەوتبوو؟**

حاڵی ئەو لەئێمە باشتربوو دەیتوانی بڕوات، چونکە تەنها فیشەکێک لەسەر شانی دابوو لە ناوسکی وەستابوو. دەرنەچوو بەڵام هەناسەی توند دەبوو.

**بۆچی دەچوو بۆ سەرەوە مەگەر دەتانتوانی خۆتان دەربخەن..؟**

چووە سەرەوە بزانێ چی باسە، لەڕاستیدا ئێمە نەماندەزانی ئەنفال چییەو مەرامی حکومەت چییە واماندەزانی ئیتر هەر ئامانجەکەی پێکا دەگەڕێتەوە، فەوجێک هەبوو لە نزیکی ناحییەکەوە کە عبدالعبدالقهار

هاته خوارەوە ووتی: وەڵڵا جەیش ماوەو دەبابەیەکیش هەر لە شوێنی خۆیەتی نەجوڵاوە. بێگومان نەماندەتوانی خۆمان دەربخەین و زۆریش دەترساین چڵێک دارمان پەیدا کردبوو کە دەچوونە دەرەوە دەبوایە شوێن پێکان بسرێتەوە.

**شوێنەکەتان ئەمین بوو؟**

شوێنەکە ئاودڕێک بوو نزیکەی نیو مەترێک قوڵ بوو، ئاو دڕیبووی دوانمان لە چاڵەکەدا دەنوستین من لە ناوچاڵەکەدابووم ئەوانیش بەمبەرەو ئەوبەری چاڵەکەدا دەخەوتن. ئەو ئەسپەی بردمان کورتانی پێوەبوو منیان خستەناو کورتانی وڵاخەکەوە. دارەکەش زۆر گەورە بوو بنەلاولاوێکیشی تێئالابوو زۆر تاریکی کردبوو.

**ئەی خواردنتان چۆن دەستکەوت؟.**

برسی و بێئاو بووین وەزعمان زۆرخراپ بوو، هیچمان پێنەبوو بەڵام عەبدولکەریم چوو هەندێک تەماتەی هێنا بنەگوێنیەک بادەمیشی هێنا، ئەوە بۆ ئێمە زۆر بەسود بوو ڕۆژانە بە حصە بەشی خۆمانمان دەخوارد ڕۆژی یەکی ٢٧ دەنک بایەممان بەردەکەوت ناچاربووین دەستی پێوە بگرین، نەدەبوو کەس یەکی ٢٨ دەنک بخوات. لەماوەی ئەو ٨ ڕۆژەدا دوو کاڵەکمان پێبوو تەنها یەکێکیمان خواردبوو، بەڵام باش بوو ڕۆژێک کەریم چووبووە نزیک گوندەکە سەگێکی بینیبوو بەسەر وردەنانەوە ئەویش سەگەکەی دەرکردبوو، هەڵیگرتبوو هێنای ئەو وردەنانەش کەمێک بە فریامان کەوت، ئیتر لە ٢٩ ی مانگەوە ڕۆژێک دوای تاوانەکە چارەنوسمان

نادیاربوو نەماندەزانی چیبکەین، هیچ ئاسۆیەکمان لێوە دیارنەبوو، بەڕاستی تەنگانە بوو. بەڵام بەوە زۆر ورەمان دەروخاو بێئومید دەبووین کە هەموو ڕۆژێ تا ٥ ی مانگی ئەیلولیش عەبدالقهار دەچووە سەرەوە کە دەگەڕایەوە لامان دەیگوت دەبابەکە هەر لەوێ ماوەو نەرۆیشتووە. ئیتر بە تەواوی ورەمان نەدەماو دەروخاین. هۆکاری نەرۆیشتنی دەبابەکەش دیارنەبوو، زۆر هەوڵمدا ئەوان بڕۆن و بەجێمبهێڵن بەڵام عبدالقهار کوری خاڵم بوو وتی: کاکە باسی رۆیشتن مەکە مەگەر بتکوژم ئینجا بەجێتدەهێڵم.

**ئەی ئەبابەکر چۆن گەیشتە لاتان؟.**

ئەبابەکر هەر نەگەیشتە لای ئێمە شەوەکەی هەر لەوێ نزیکی شوینی کۆمەڵکوژییەکە مابۆوە ڕۆژێک دوای ئەوە کە ئیتر جاش چووبوون گرتبوویان بردبویان بۆ مانگێش و لەوێ تەسلیمیان کردبۆوە.

**چەند ڕۆژ بەمشێوەیە مانەوە؟**

٨ ڕۆژ بەو حاڵە ماینەوە بەڵام لە ڕۆژی هەشتەمدا ئیتر جموجۆڵمان هەست پێکرد گوێمان لە دەنگی سەربازبوو بەعەرەبی قسەیان دەکرد (تعال، تعال) تەقەیان دەکرد. دیاربوو هەستێکیان کردبوو کە ئێمە دەرچووین..

**بەچیدا هەستیانکردبوو؟.**

کە ئەبابەکریان دۆزیبۆوەو تەرمەکانیان شاردبۆوە دیارە ژماردوویانن کەمبوونەتەوە، چونکە ئێمە ٣٣ کەس بووین کە «رەمیی» گوللەبارانیان

کردین. فەتاحیش دەرچووبوو. مابوونەوە ٢٧ تەرم. ئیتر هەموو ڕۆژێ (تەمشیت) کێومالّیان دەکرد ئیتر تەواو بێئومێد بووین، بەڵام شوێنەکەمان زۆرنەدیوو بوو ئێمەش تەنانەت قسەمان لەگەڵ خۆشماندا نەدەکرد چاوەروانبووین لە پڕێکدا بماندۆزنەوەو بمانکوژن. ئیتر بانگیان دەکرد سەربازەکان بانگی یەکتریان دەکرد.

**ناوێک هەیە لەبیرەوەریتدا مابێتەوە مەبەستم ناوی ئەو سەربازانەیە کە بانگی یەکتریان دەکرد؟.**

نەخێر بیرم نەماوە . بەڵام بانگ و تعال تعالم بیرە فیشەکیشیان زۆر دەتەقاند. ئیتر بۆ شەوەکەی بیرمان کردەوە لەوەی کە شوێنەکەمان بەجێبهێڵین عبدالقهار دوربینێکی هێنابوو، بردی ووتی بزانم هێسترەکە نا دۆزمەوە بیهێنم تۆی پێبەرین، دۆزییەوەو هێسترەکەیان هێنایەوە منیان سوارکرد، بەڵام سنگم زۆر ئازاری گەیشت کەوتمە خوارەوە، بەڵام خێرا باوەشیان پێداکردم گرتیانمەوە، بەهەرحاڵ ڕۆیشتین نزیکەی کیلۆمەترێک لە شوێنی خۆمان دورکەوتبووینەوە لەوێ ئەشکەوتێکی لێیە ئەشکەوتە رەشی پێدەڵێن لەوێ نزیکەی ٢ کاتژمێرێک ماینەوە گوێمان لەسەگوەڕێکی زۆر بوو شەوێکی زۆر تاریکبوو، دەرمانمان کەم پێمابوو خواردنمان نەمابوو وەزعێکی زۆر سەخت و ترسناک بوو. ئیتر کەریم و عبدالقهار ڕۆیشتن بۆئەوەی بزانن دەنگوباس و جموجۆڵ چییە تەنها من و سدقی مابووینەوە.

## شۆخی لە دۆزەخدا

لەدرێژەی قسەکانیدا هاشم بزیەک گرتی و گووتی: بائەوەش هەر بۆ خۆشی بگێرمەوە ئەو بەیانییە کەریم خەریکی نوێژکردن بوو، عبدالقهاریش ووتی: کەریم نوێژی چیدەکەی؟. ئەوە هەتاو گەیشتە سەرمان، لەکەریمیش وایە دەڵێت نوێژی چیدەکەیت وا جەیش گەیشتە سەرمان، ئیتر کەریم لە سەر نوێژەکە هەستاو رای کرد بە شڵەژاوی هات و وتی: کوا جەیش؟. عبدالقهار وتی نالێم جەیش دەڵێم هەتاو گەیشتە سەرمان و کاتی نوێژی بەیانی نەماوە.

**بیرم چوو ئەو پرسیارەت لێبکەم سدقی گولله بەرکوێی کەوتبوو؟ ئەویش برینداربوو؟**

بەڵێ ئەویش برینداربوو، بەڵام ئەو تەنها پەنجەیەکی گرتبوو، دواتر عەبدلقهار بەچەقۆیەک بۆی لێیکردبۆوە ئەوپەنجەی فرێدا. ئیتر ئەوان نیو سەعاتێک دەبوو رۆیشتبوون ئاگامان لێیان نەما، بەڵام لە چەمەکەوە دەنگە دەنگێک دەهات، منیش ووتم سدقی وەرە راکشێ ووتی: بۆ ووتم ئەوە جاشن دێنە سەرچەمەکە یان خۆیان دەشۆن یان جل دەشۆن با نەمانبینن، بۆچوونەکەی من ڕاست دەرچوو هێندەی پێنەچوو جاش هاتن، تومەس کەریم و عبدالقهار بێئەوەی بە ئێمە بڵێن چووبون بۆ فەوجەکە خۆیان تەسلیم کردبوو، ئامر سرییەکی لێبوو پێیانگوتبوو حاڵمان ئاوایەو دوکەسی تریشمان بریندارن ئیتر جاشەکان هاتن تەواو نزیک بوونەوە گوێم لێبوو یەکێکیان ووتی: لێرەن ئیتر ئێمە هیچمان بەدەستەوە نەما

تومەس کەریم لەگەڵیان بوو لە دواوە پێشئەوەی کەریم وەڵام بداتەوە بۆخۆم گوتم بەڵێ لێرەین، بەڵام ئێوە خەڵکی کوێن..؟ ووتی ئێمە سندین ئیتر هانایەکم پێداهاتەوە ووتم دەی قەیناکا. ئەو ترسەم نەما، چونکە تەیاری عەشایەری زۆر بە هێزبوو لەو ناوچەیە ئەوکاتە ئەوەش لە بەرژەوەندیماندابوو، لەم قسانەدا بووین لەگەڵ کابرای جاشدا کەریم لەخوارەوە هاواری کرد مەترسن ئەوە من دێم، زۆرم پێناخۆش بوو ووتم ئێباشە ئەگەر بە نیازی شتێکی ئاوان قسەتان بکردایە.

**تۆ لەوکاتەدا ئەوەت بەبیردا هات کەریم ئیخباری کردبن؟.**

نا هەرگیز ئەوەم بەخەیاڵدا نەهات، چونکە ئەوەیان لێنەدەوەشایەوە. ئیتر مەنجەڵێکی بچکۆلەیان پێبوو پڕیان کردبوو لە گۆشت، ئێمەش هەشت ڕۆژ بوو، خواردنێکی وامان نەخواردبوو ئەوە بەلامەوە زۆر خۆش بوو، کاڵەکێکمان هەر پێمابوو بۆ تەنگانە. ئیتر یەکی کەمێک لەوگۆشتەمان خواردوو وتیان دەبێت بڕۆین، هێسترەکەیان هێنایەوە جاشەکان هەڵیانگرتم و سواریانکردم ووتیان ئەوشتانەی تر مەهێنن.

**شتی چی؟**

لێفەیەکم پێبوو لایەکی سوربوو لایەکی سپی بوو لاسپیەکەشی لە خوێندا سوربببوو.

**ئامر سریەکەی فریاتان کەوت کێ بوو ناوی چی بوو؟.**

ناوی عیسا بوو بەڵام نازانم بەچی ناسراوەو ناوی باوکیشی نازانم.

**دواتر بردیانن تەسلیمیان کردنەوە؟**

نا کە ئێمەیان هەڵگرت بەپەلە بردینیانین لە نزیکی فەوجەکە شیوێکی لێبوو خستیانینە ناو ئەو شیوەوە ووتیان لێرەبن با لەناو فەوجەکەشدا کەس نەتانبینێت، چونکە لەوێش خەڵکی ئیستخباراتی تێدایە. ئیخباریتان بکەن بۆ ئێمە ناخۆشە. ئیتر ئێمەیان لە دۆڵێکی نزیک فەوجەکە دانا دواتر دوو جاش هاتنەلامان قۆری و کتری و چاو جگەرەو یاتاغیان بۆ هێناین و وتیان ئیتر ئێمە ئەوەندە نایەین بەلاتاندا بۆئەوەی نەبنە جێگەی تەرکیز.

**ئەی تەداوی کردنتان ئەوان یارمەتیان نەدان؟.**

نا هەر ئەوەبوو کەخۆمان تەداوی خۆمانمان کردبوو، زۆریش لەناویان نەماینەوە هەروا سێ سەعاتێک لە ناوجاشەکاندا ماینەوە، ئەوکاتە هەر من و سدقی بووین نەماندەزانی عبدالقهارو کەریم لەکوێن، ڕۆژی ٩/٦ بوو دەوری کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ بوو بوو بەتەقە، تەقەیەکی زۆر کرا لەحەد بەدەربوو، سدقی دەستی کرد بەگریان ووتی: بەخوا کەریم و عبدالقهاریان رەمی کردووە، رێک ئەوکاتەی بیرکەوتبۆوە کە ئێمە یان گوللەبارانکرد ئاخر ئێمە ١٠ سەرباز پێکەوە بەکلاشینکۆف تەقەیان لێدەکردین. منیش ووتم مردن یەکجارە من بەو قسانە دڵخۆشی سدقیم دەدایەوەو تەقەش هەربەردەوام بوو کەریم بەراکردن هاتەخوارەوە بۆلای ئێمە ئیتر ووتی مەترسن مژدەیەکی خۆشم پێیە، ووتم چیە ئەو مژدەخۆشە ووتی: لێبوردنی گشتی دەرچووە. ئەو تەقانەش هی ئەوەیە تەقەی خۆشییە. ووتم

ئەی کوا عبدالقهار ووتی: ئەو لەگەڵ خالید شێخۆیە «موستەشارەکە» هێندەی پێنەچوو سێ چوار جاش هاتنە خوارەوە هەڵیانگرتم و بردیانمە سەرەوە من قاچم زۆر ئاوسابوو گووتیان ئەو لەفاف و شتانە لەبرینەکەی بکەنەوە با نەڵێن تەداویتان کردووە منیش جامانەکەم تێپێچا، ئیتر ئەوەندەی پێنەچوو موستەشارەکە هات بۆلامان تەوقەی لەگەڵ کردین و ئێمەش سوپاسمانکرد، ئەو منی نەدەناسی، بەڵام دیاربوو ماڵی خاڵمی دەناسی و گووتی باسبەی گللەیم لێنەکەن بڵێن خزمی من کەوتووەتە دەستتان رێزتان لێنەگرتوون، خوا هەڵناگرێت زۆر رێزی لێگرتین، گووتی ئەمشەویش لێرە بمێننەوە سبەی دەتانبەم بۆ مانگێش. ئیتر ڕۆژی ٧ی ئەیلول بردیانین بۆ مانگێش لەوێ تەسلیم بە مدیری مونەزەمەی مانگێشیان کردین داینیشاندین و کەوتە لێکۆڵینەوە لێمان. بەڵام شێخ جەمال هات بۆلای ووتی: ئەمانە خزمی منن لە کورێمی رزگاریان بووە. سەید الرئیس عافواتی داوەوەو هاتوونەتەوە ریزی نیشتمانی.

**ئەو شێخ جەماله ڕاستییەکەی پێگوت؟**

بەڵی رێک و ڕەوان پێیگووت ئەمانە لەو کۆمەڵکوژییەی کورێمێ رزگاریان بووە. کابرایەکی لێبوو ناوی بایز بوو بە بەرپرسی مونەزەمەی دەگوت ئەمە عبدالقهار خەلیلە لەفلان شوێن کەمینی داناوەو ئەمەی کردووەو ئەوەی کردووە، بەرپرسی مونەزەمەش پێیگووت بریاری سید الرئیسە هەرچییەکی کردبێت دەبەخشرێت.

ئەی دوایی چییان لێکردن؟

هەر ئەو ڕۆژە ئێمەیان برد بۆ وەحدەیەکی مەیدان طبی (یەکەیەکی پزیشکی سەربازی) هەر لەناو ناحییەکەی مانگێشدا بوو، ئیتر تەداویش چیبوو، هەر بەئاوی سارد بۆیان شۆردم کابرایەک هات ووتی: تۆ لەکوێ تەداویت کردووە؟ ووتم هەرخۆم کردوومەو بەئاوی سارد شۆردوومە ووتی: نابێت تۆ یان لەخەستەخانە تەداوی کراوی یان جاش بۆیان تەداوی کردوویت.

ئەو کابرایە چی بوو؟

ئەویش پیاوێکی سەربازیی بوو لە یەکە پزیشکیەکە بوو لەژێر خێمەیەکدا بوو. ئیتر پێی ناخۆشبوو ئێمە هاتووینەتەوە ئیتر لەوێ ماینەوە هەتا عەسرێکی درەنگ ئیتر شێخ جەمال هات بۆلامان ..

ئەو شێخ جەماله چیبوو؟

ئەو خەتیب و ئیمامی مزگەوتی مانگێش بوو مدیری مونەزەمە ڕێگەی دابوو بێت بۆلامان. ئیتر دوای ئەوە سەیارەیان هێناو سواریان کردین ناردیانین بۆ لیوایەکی سەربازی لە باتوفە. هەرهەمان ڕۆژ ناردیانین بۆ ناحییەی بیرسپی لەلای زاخۆ سەیارەیەکی ئیسعافیان هێنا ناردیانین بۆ ئەوێ مەئومورێک و من و عبدالقهار رۆیشتین. لەوێ سەرلەنوێ برینەکانیان کردینەوە بۆ تەداوی لەوێ دکتۆرێکی بەغدایی لێبوو زۆر ڕێزی لێگرتین شەوێک لەوێ ماینەوە لەو ماوەیەدا دایکم و ئەوانیش هاتن بۆ لامان ئێمە یان بینی.

**بۆچی ئەوان زانیبوویان کەماون؟**

بەڵێ زانیبوویان.

**ئەی کۆمەڵکوژییەکەی کورێمی یان نەبیستبوو؟**

با چۆن پرسەشیان بۆ دانابووین کە خۆمان تەسلیم کردەوە زانیان ئێمە ماوین. ئەو شەوە ئێمە لەوێ ماینەوە لەوێ کوڕێکی گەنجی لێبوو. هەردەهات و دەچوو دەیویست بزانێ ئێمە چین، ئیشارەتی دەکردو دەهات و دەچوو، ئێمە لەچادرێکی درێژدابووین، دواجار هات ووتی: ددانم دێشێت ئینجا ووتی: دەتوانم ئەو جەماعەتە ببینم ئیتر هات ووتی ئێوە چین جاشن پێشمەرگەن چین. ئیتر ئێوارە نانی بۆ هێناین ئیتر ئەوشەوە لەوێ بووین بەیانی ووتیان دەتانبەین بۆ دهۆک بەیانی کەسواریان کردین نائب زابتێکی موسڵاویان بەمەئمور لەگەڵ ناردین ناوی ئەحمەدبوو کە گەیشتینە باتووفە داوامانکرد لە باتووفە تەنها ئەوەندە لەماڵێکی ناسیاو بووەستین پێیان بڵێین ئێمە دەبەن بۆ دهۆک ووتی ئاسانە کەچووین بۆ ماڵی ئامۆزاکانی عەبدالقهار نائب زابتەکەیان دەناسی زۆریان لێکردین نیوەڕۆ لەوێ بمێنینەوە ئیتر هەرچوارمان (من و سدقی و عبدالقهارو کەریم) لەگەڵ مەئمورەکە دابەزین لەوێ نانی نیوەڕۆمان خواردو دواتر بردیانین بۆ قەڵای نزارکێ لەدهۆک تراژیدیا لەوێ بوو، ئێمە نەماندەزانێ کێ ماوەو کێ نەماوە ئیتر ناسیاوەکانی خۆمان هاتن لێمان کۆبوونەوە ئێمەیان بردە سەرەوە، بەو وەزعەوە ڕۆژی دەجار هەر بۆ ئازاردانمان دەیانبردینە سەرەوەو دەیانهێنانینە خوارەوە. خەڵک لەوەزعێکی زۆر

خراپدا راگیرابوو نەخواردن هەبوو، ئیتر ئەو خەڵکە جیاوازیەک لەنێوان مردن و ژیانیدا نەمابوو، پێش لێبوردنەکەش پیاوەکانیان بەپێشچاوی خەڵکیان بە بلۆک کوشتبوو، ئەوانەی لەوێ بوون دەیانگێڕایەوە.

**هیچ پیاوی تێدامابوو؟**

پێش عافواتەکە گەنجەکانیان بردبوو خەڵکیان بەبلۆک کوشتبوو سەریان تەقاندبوون، بەڵام ئەوەی دوای عافواتەکە چووبوو کوشتن نەمابوو کە ئێمە چووین ئەبابەکریش لەوێ بوو پێش ئێمە بردبوویان.

**چەند ڕۆژ لەوێ مانەوە؟**

هەموو دوسێ ڕۆژ ماینەوە دواتر باریانکردین بۆ ئۆردوگای بەحرکە، داوام لە ئەفسەرێک کرد بە ئیسعاف بمبەن لەبەرئەوەی قاچم ئاوابوو ووتی: ئیسعاف نییە، بەڵام دەتخەمە پێشی ئیڤایەکەوە ئیتر هەرواشی کرد منیان خستە پێشی ئیڤایەکەوەو سەیارەکەیان پڕکردوو ڕۆیشتین. لەو کاروانەشدا هەمووومان پێکەوە بووین ئەمجارە ئەبابکریشمان لەگەڵ بوو ئەوانیان خستەدواوەو منیش لەپێشی لۆریەکەدا بووم.

**ببورە دەتبڕم چەند سەیارەبوون؟**

زۆر، زۆر بوون بەوەجبات دەیانهێنانیە دەرەوە هەمووومانیان بەناو شاری دهۆکدا برد ئەو خەڵکە وەک پەرژین بەتەنیشت یەکەوە وەستابوون سەیریان دەکردین، ئیتر لەوێوە بە ریگای موسلدا بردیانین.

**شۆڤێرەکەش هەر سەربازی ئاسایی بوو یان ئیستخبارات و ئەمن؟.**

پرسیارێکە زۆر گرنگە ئێستا وەڵامی ئەو پرسیارەت ڕاستتر دەدەمەوە کە زووتر لێتکردم ووتت بەچیدا زانیووتە ئەو سەربازانەی هێرشیان دەکرد لەوانە بوون کە لەهۆڕەکانەوە هاتبوونەوە تەسلیم ببون، ئەو سایەقەی ئێمەی برد یەکێک بوو لەو کەسانە تەنانەت ئەویش تفەنگەکەی فیشەکی تێدانەبوو، تفەنگەکەی کلاشینکۆف بوو لەرێگە ووتی: ئێوە شانسی باشتان هەیە ووتم بۆ؟ ووتی ئێوە ٢٠ ساڵە لەحکومەت دەکوژن و عافوات دەتانگرێتەوە، بەڵام ئێمە وانین، ووتم بۆچی تۆ خەڵکی کوێیت هەر عێراقی نیت؟ ووتی: با بەڵام ئێمە ئەهلی ئەهوارین بەچاوێکی ترەوە سەیرمان دەکەن، ئیتر ئەوەی دەیگوت دوبارەی نەدەکردەوە لە جنێو لەمەینەتی و داماوی باسی ئەوەیکرد ئەوەتە تفەنگەکەم فیشەکی تێدانییە ئیتر کەرووبەروی ئێوەمان دەکەنەوە ئێمە بکوژرێین یان ئیوە بکوژین هەردووکی بۆ بەعس قازانجە. ئیتر هەتا گەیشتینە جێژنکا هەر قسەمانکردو هەریەکەمان باسی مەینەتییەکانی خۆمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە.

**بۆجێژنکا یان بەحرکە؟**

دوایی بردیانین بۆ جێژنکا ئێمە هەر لەوێ ماینەوە لەبەحرکە رایان نەگرتین. لەوێ جەیش شەعبی لێبوو کابرایەکم لێپەیدابوو ناوی محەمەد بوو لەوێ جەیش شعبی بوو، یەکسەر خێمەیەکی تۆزاوی پێداین و گووتی: هەرچییەکتان پێویستبێت من هاوکاریتان دەکەم، زۆرباش بوو لەگەڵ من. ئیتر دوایش خەڵکی هەولێر زۆر هاتن فریامان کەوتن بەڕاستی

ئەوەی خەڵکی هەولێر کردیان مێژووییە ئەگەر ئەوان نەبوونایە خەڵک زۆر لەبرسان دەمردن. هەرچی پێویست بوو هێنابوویان لە سەمون و خواردنی زۆر کەباب و مریشک و باتانی و هەرچی لەتوانایاندا هەبوو کردیان.

**ئەی رێگریان لەخەڵک نەدەکرد؟**

چۆن نەیاندەکرد با، بەڵام لەسەرەتاوە دەسەڵاتیان بەسەریاندا نەشکا، بەڵام دواتر دەیانگرتن لێیان دەدان و فەلاقەیان دەکردن لەسەر ئەو هاوکارییەی بۆ ئێمەیان هێنابوو. ڕۆژێک سەیارەیەکی بەرازیلی بەلامدا رۆیشت وەزعم زۆر خراپ بوو، داوام لێکرد کەمێک دوورم بخاتەوە بۆئەوەی دەست بەئاو بگەیەنم، ئەویش کورێکی سیانزە ساڵانی لەگەڵدابوو تەماشایەکی کردم و رۆیشت منیش بێئومێد بووم ووتم نایاتەوە، بەڵام دوایی هاتەوە بۆ لام وتی: کوا ئەو پیاوەی لەبن ئەو خێمەیەدایە ئیتر هات کردمییە ناو سەیارە بەرازیلیەکەیەوەو گووتی: ئێمە ناموسمان نەما سەیارەم بۆچییە بۆ ئێوە نەبێ بۆ کوێ دەڵێیت دەتبەم ئەو کابرایە دیاربوو ئەنفال زۆر کاری تێکردبوو، هێنامییەوە بۆ ژێرچادرەکە ئیتر بۆ ئێوارەکەی منیان برد بۆ خەستەخانە ئەو کاک محەمەدەی پێشتر چادرەکەی پێدام خۆی هاوکاری کردین عبدالقهاریان نەهێنا، بەڵام ئەبابەکریان هێنا بردیانین ئەویان بردە تەوارییەکە بەڕاستی من زۆر مەمنونیانم ئەو هەولێریانە لەو ڕۆژەدا کارێکیان بۆکردین لەباسکردن نایە بردیانین بۆ خەستەخانە ئەشیعەو هەموو شتێکیان بۆ کردین بێگومان هەمووشی بە قاچاغ دەکرا، چونکە هەرچوونە دەرەوەمان قاچاغ بوو،

ئێمە کەفەحس و تەبەلەیان بۆ کردین نەخۆشی دکتۆر (ئەدیب تۆما) بووین ئەو شەوەی ئێمەیان برد بۆ خەستەخانە وەزیرێک هات بۆ هەولێر نازانم وەزیری چی بوو، هاتبوو بۆ ئەوەی رێگە لەوە بگرێ خەڵکی هەولێر یارمەتیەکانیان بەرن بۆ جەژنیکا، هەر ئەو شەوە وەزیرەکە هات بۆ خەستەخانە لەوکاتەدا سستەرێک هەندێک لەفاف و دەرمانی پێبوو بۆ ئێمە بەپەلە شتەکانی کۆکردەوەو رۆیشتەدەرەوە خۆی شاردەوە هەتا وەزیرەکە ڕۆیی مەبەستی ئەوەبوو نەزانێ دۆسێکەی ئێمە چییە؟

**بۆچی ئەوانەی تر کەهاوکاریان کردن دۆسێکەی ئێوەو کۆمەڵکوژییەکەی کورێمێیان بیستبوو؟**

بەڵی دەیانزانی.

**ئەی دکتۆرەکان؟**

ئەوانیش دەیانزانی ئێمە پێشمەرگەبووین، بەڵام ئەوان وایاندەزانی کە بەلێبوردنی گشتی هاتوینەتەوەو تەسلیم بووینەتەوە، بەڵام دواتر هەستیان بەشتێک کردبوو، چونکە کەخەڵک دەهات بۆ مواجەمان قسە دەکرا. ڕۆژێک دکتۆرەکان لەناو خۆیاندا مقۆمقۆیان بوو دەیانگوت ئەمە جاشەو یەکێکی تر دەیگوت جاش نییە، گوێم لێبوو دکتۆر ئەدیب تۆما ووتی نا ئەوانە جاش نین پێشمەرگەن تەسلیم بوونەتەوە.

**تاکەی لەخەستەخانە مانەوە؟.**

وەڵڵا ئێمە نزیکەی هەفتەیەک لەخەستەخانەی هەولێر ماینەوە، بەڵام

هەر ئەوشەوە لەتەواری ماینەوە بۆ بەیانییەکەی ئێمەیان گواستەوە بۆ خەستەخانەی جمهوری، ئەبابەکر نەشتەرگەرییەکیان بۆکردو سەحبی قاچیان بۆکرد دوای ئەوە ئێمەیان گواستەوە بۆ خەستەخانەی جمهوری. من لە ٩/٢٩ نەشتەرگەرییەکی تری قاچیان بۆکردم دکتۆر محەمەد باجەڵانی بۆی کردم بەداخەوە لە شەڕی ناوخۆ لەهەولێر ئەویش شەهیدکرا. دوای هەفتەکە ئێمەیان بردەوە بۆ جێژنکا ئیتر باشتربووم دەمتوانی بەدارشەق برۆم و جارجاریش ئاوا هەفتەی جارێک سەردانی دکتۆر ئەدیبم دەکردەوە بۆ هەولێر. زۆر هاوکارم بوو کە پارەشم بدایە دواتر بانگی فەراشەکەی دەکرد دەیگوت: پارەکەی بدەرەوە.

**بۆچی لە جەژنیکا هێشتبوویاننەوە ئێوە بەر لێبوردن نەکەوتبوون؟.**

ئێمە تارادەیەک دەسبەسەربووین. ڕاستە ئۆردوگابوو بەڵام ئازادنەبووین وەرەقەیان بۆ دەکردین بۆ چوونەدەرەوە من نزیکەی هەفتەیەک لەماڵی کورێکی پورم بووم لەهەولێر دواتر پروپاگەندەیەک بڵاوکرایەوە ووتیان هەر کەسێکی ناوچە ئەنفالکراوەکان لەماڵان بگرن ئەوانیش ئەنفال دەکەن، ئەوشەوە هەستام بەدارشەقەوە چووم بۆ ماڵی مامۆستایەکی خۆم کاتی خۆی لەسلێمانی دەرسی پێگوتبووم، بە ڕێکەوت کەوتمە کەمینی جەیش شەعبییەوە بەڵام چونکە قەمسەڵەیەکی مغاویریم لەبەردابوو دارشەقم پێبوو ووتیان ئەوە بریندارى قادسییەیە بابروات، لەوێ دوو سێ شەو مامەوە ئیتر منیش گەرامەوە بۆ جێژنکا ووتم بائەوانیش تووش نەکەم. چونکە ئەوکاتەی هاتبوومە هەولێر هێشتا وەرقەیان بۆ کەس نەکردبوو دوایی ئەو نیزامی وەرقەکردنە هاتەئاراوە.

**دواتر دەتتوانی بەو وەرقەی ڕێپیدانە بەکەیفی خۆت سەردانی دکتۆر بکەیت؟**

ئەو وەرقەی ڕێپیدانە لەسەعات ٨ی بەیانییەوە تا ٦ی ئێوارەبوو، بەڵام من چوومەلای بەرێوەبەری ئەو ئۆردوگایە ووتم ئەوە حاڵی ئێمەیەو پێویستم بەهاوکاری هەیە، ئەو جەیشی شەعبیە کاک محەمەدەکەی پێشتر باسمکرد، هاوکاری کردین لەپێشەوە مۆڵەت بۆ دەرەوەی پارێزگای هەولێر نەبوو، دواتر مۆڵەتی دەرەوەی هەولیریش کرایەوە، ئەو کاک محەمەدە هاوکاری کردین ماوەی شەش ڕۆژی بۆ کردین، بەڵام شتێکی سەیر روویدا من و عبدالقهار بەهەردووکمان یەک وەرەقەی بۆ کردبووین واتا بۆ هەر شوێنێک برۆیشتینایە دەبوایە پێکەوە بوینایە نەماندەتوانی لێک جیاببینەوە. بەڵام کەهاتمەوە بۆ سلێمانی هەر لە تاسڵوجەوە دڵم پڕبوو من چەند ساڵ بوو سلێمانیم نەبینیبوو. لەو کۆمەڵکوژییە دەربازبیت و لەژێر خیمەی جەژنیکاوە بێیتەوە سلێمانی ببینیتەوە ئەو هەستە باسناکرێت. ئیتر ماوەی ٥ ڕۆژ لێرەماینەوە ئاهێکمان پێداهاتەوە.

**ئێوە ماوەی چەند لە جێژنیکا مانەوە؟**

هەتا راپەرینی ساڵی ١٩٩٢ ئێمە لەوێ ماینەوە من و عەبدالقهار لەژێر یەک خێمەدا ماینەوە هەر پێکەوە بووین. کەراپەین بوو بۆخۆم چوومە ناو مونەزەمەکەوە.

**ئەی لەوێ چۆن دەژیان بەچی بەڕێوەدەچوون؟**

بەچی بەڕێوەبچین وەزعمان زۆر خراپ بوو لەوێ عبدالقهار بوو بەسایەق گەڵابە جارجار ئیشی دەکرد ویستمان هەر بە قوڕو بەرد خانوویەک بۆخۆمان پێکەوە بنێین لەخێمە رزگارمان بێت.

**وتت خاڵت باوکی عبدالقهار لە کۆمەڵکوژییەکە کوژرا؟**

بەڵی، ئەو لەناو کۆمەڵکوژییەکە دەرنەچوو.

**جگە لەو کۆمەڵکوژییە لەکورێمێ چەندکەس ئەنقالکران؟**

خەڵکێکی زۆری ئەنفالکراو نەگەڕانەوە، بەڵام حاڵەتێک هەبوو ئەوکاتەی ژن و منداڵ و پیروپەککەوتەکانیان بردبوو بۆ ناحییەکەی مانگێش خەڵک دەهاتن لە دهۆکەوە لەناو مەکتەبەکەی مانگیش هەندێک خەڵکیان دزیبۆوە ئەگینا یەک کەس لەکورێمێ رزگاری نەدەبوو. منداڵەکانی عبدالقهاریش هەندێکیان لەموسڵ بوون و هەندێکیان لەزاخۆ بوون.

**واتا منداڵەکانی عەبدالقهاریش ئەنفالبوون و دزراونەتەوە؟**

بەڵێ هەر لەمانگیش خەڵک دەریکردبوون ئەوانیش لەناو مەکتەبەکەدا بوون. ئەگینا زۆربەیان لە قەڵای نزارکێ و سەلامیە کوژران و بێسەروشوێنکران.

**ئەو ژن و منداڵانەی بران بۆ مانگێش و نزارکێ چەند کەسیان تێداچوون؟**

زۆربەی ژن و منداڵەکان دەرچوون بەڵام گەنجەکان تێداچوون.

**دوای راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ هاشم چۆن دەژیا؟**

هەتا راپەرین لە جێژنیکا مامەوە لەدوای راپەرین هاتمەوە بۆ سلیمانی لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ رۆیشتین بۆ ئێران و ماوەی دوو مانگ لەوێ ماینەوە لەگەڵ دایکم و خوشکەکانم. دوای ئەوەی هاتینەوە بۆ کوردستان ماوەیەکی کەم لە سلێمانی ژیام دوایی رۆیشتمەوە بۆ ناوچەی بادینان و لەوێش چووم لەدهۆک نیشتەجێ بووم، لەوێش ماوەیەک بەکاری حزبییەوە سەرقاڵبووم، هێزێکمان هەبوو، لەوێ عەبدالقهار فەرماندەی هێزبوو من ئەفسەری کارگێڕی بووم، کە پەرلەمان هەڵبژێردراو حکومەت تەشکیل کرا بوومە ئاسایش و لەوێ مفەوەزی ئاسایش بووم لە دهۆک هەتا پێش شەڕی ناوخۆ دەستم لە ئاسایش کێشایەوە ئیتر دەستمکرد بەکاروکاسبی خۆم، خەریکی بەنزین فرۆشی بووم، هەتا ساڵی ١٩٩٥ خەریکی کاری بەنزین فرۆشی بووم ئیتر ١٩٩٥ گەڕامەوە بۆ سلێمانی دیسانەوە ساڵی ١٩٩٥ جارێکی تر بەخۆم و ماڵ و منداڵەوە لەگەڵ دایکم و خوشکێکم گەڕامەوە بۆ دهۆک خێزانەکەم مامۆستابوو. نزیکەی شەش ساڵ لە زاخۆ ماینەوە، لەوێ لەگەڵ نوسینگەیەکی فرێربوونی شۆفێری کارم دەکرد، ئیتر هەر لەو ناوچەیە بووم هەتا پرۆسەی سەراسەری عێراق جارێکی تر گەڕاینەوە بۆ شاری سلێمانی ئیتر لە دائیرەیەک دامەزرام و ماوەی حەوت ساڵە لەوێ کاردەکەم و فەرمانبەری حکومەتم.

**بێگومان بە موچەیەکی کەم؟**

بە هەموو شتێکەوە ٣٠٠ هەزار زیاتر وەردەگرم (بە پێکەنینەوە).

بەڵام گرنگ ئەوەیە من بەتوانایەکی باشەوە کارەکەم دەکەم و زۆریش ڕێز لەوکەسانە دەگرم کە پێکەوە کاردەکەین.

**باسی خێزانت کرد ساڵی چەند هاوسەرگیریت کرد؟**

ساڵی ١٩٩٥

**خەڵکی سلیمانییە؟**

بەڵی.

**منداڵتان هەیە؟**

بەڵی کورو کچێکمان هەیە کچەکەم ناوی (هۆنیا)یە و لەدایکبووی ١٩٩٦ەو کوڕەکەشم ناوی (وارڤین)ە ساڵی ٢٠٠٣ لەدایکبووە.

**هەق وابوو ناوی بنێی کورێمێ..**

حەزم نەکرد.

**ئەوان بە چیرۆکی تراژیدیای تۆ دەزانن؟**

بەڵی دەیزانن بۆم باسکردون. بەڵام خێزانم پێشئەوەی هاوسەرگیری بکەین پێی نەدەزانی.

**هاوسەرەکەت چۆن ئەو کۆمەڵکوژییەو ژیانی تۆ دەخوێنێتەوە؟**

وەڵڵا ئەوەی ڕاستی بێت توشی نامۆیی و سەرسوڕمان بووە کەچۆن ماوم و کەچۆن ئەم حکومەتە ئاوا پشتگوێی خستووم. هەڵوێستیشی زۆر جوانە بەرامبەرم و سوپاسگوزارم. چونکە ئەویش بەهۆی منەوە توشی

ناڕەحەتی بووە هەر هیچ نەبێت گرێیەکی لەلا دروستبووە بڵێت ئاخ بۆ کورد.

**بۆچی توشی نارەحەتی بووە؟.**

ئاخر دووسێ جار راپۆرتیان لەسەرم نووسیوە خەریکبوو بمکوژن لەسەر ئەوەی دەیانگوت تۆ ئیش بۆ یەکێتی دەکەیت، ئەویشیان بانگ دەکرد دەیانگوت چۆن هاشم حزبی نییە.

**چۆن لە ئەنفال دەڕوانی هەم وەکو کوردێک هەم وەکو ئینسانێک هەم وەکو قوربانییەک کە تۆ لەناو دۆزەخەکەی هاتویتە دەرەوەو بەرێکەوت رزگارت بووە.**

ئەنفال باسناکرێت و ناگێڕدرێتەوە، ئەوەی من بینیم بە فیلم و چیرۆک و نوسینەوە گوزارشتی لێناکرێت.

**ناشکرێت باسی نەکەین و چیرۆکەکەی تۆ فەرامۆش بکەین؟**

ڕاستەوایە بەڵام من هیچ دڵسۆزییەک نابینم، چونکە ئەنفال و کوشتنی ئێمە پەیوەندی بەوەوە نەبوو کە پێشمەرگە بووین، پەیوەندی بەوەشەوە نەبوو کەسەربازی هەڵاتوو بوین، پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە کورد بووین.. تەنها لەبەر کوردبوونمان بوو تەواو. بەڵام بەداخەوە ئەوەتا ئەمڕۆ لەسایەی دەسەڵاتی کوردیشەوە حەقیقەتەکان دەبینین.

**تۆ پێت خۆشە بەسەرهاتەکەت بڵاوببێتەوە لەدوتوێی گۆڤارێکدا یان کتێبێکدا؟**

ئەی بۆ نا، بێگومان پێمخۆشە.

**ئەی چۆنە تا ئێستا چیرۆکی دەربازبوونی تۆ بڵاونەکراوەتەوە؟**

یەکجار شوێنێک هاتن رێکخراوێکی ئەمریکی بوو کەسێک هات بەناوی کاک ئومێد دیداری لەگەڵ کردم ئێستاش ئەدرەس و شتیم ماوە «مەبەستی لە پەیمانگای سەر بەزانکۆی دیپۆڵ»ە بەڵام من خۆشم زۆر باسم نەکردووە.

**بۆچی باست نەکردووە؟**

ئاخر لەبەرئەوەی ئێمە هیچ زەمانەتێکی ئەمنیمان نەبوو، ئێستاش نیمانە. هەموو کاتێکیش ئێمە لەژێر هەرەشەی لەناوچووندا بووین، هەرگیز هیچ ئارامییەکم بەخۆمەوە نەدیوە. ئێستاش هەر یەکێک لە ئێمە ژیانی پارێزراو نییە (کەریم، ئەبابەکر، عبدالقهار) سدقیش ئێستا لە سویدە.

**کاک هاشم باست لە ئەفسەرێک کرد کەجارێک لە موسڵ بینیوتە ئەگەر بۆم باس بکەیت..**

ئەوە ساڵی ١٩٨٩ بوو زستان بوو، لەگەڵ عبدالقهار بووین لەگەراجی جەژنیکان بووین حەمامێکی لێیە ناوی حەمام سەرچنارە ئەوە پەناگای من و عبدالقهار بوو، خاوەنەکەی ببوە ناسیاومان رۆژێک سەربازێک و ئەفسەرێک هاتن ووتم عبدالقهار سەیرێکی ئەو کابرایە بکە ئەو بەرەو

گەراج شمال دەرۆیشت باخێک هەیە نزیکەی ١٠٠ مەترێک بەدوای کەوتین دوجار پێش و دوای کەوتین دەمانویست باش دەمووچاوی ببینین، ئێمە بەو ئەفسەرە تێگەیشتین کە فەرمانی کوشتنمانی دا..

**جا کە ئەو بوایە دەتانناسییەوە؟**

بەڵێ دەمانناسییەوە.

**ئەی ئێستا بیبنی نایناسیتەوە؟**

باوەڕناکەم ئێستا بیست و سێ ساڵی بەسەردا تێپەڕیووە..

**دواجار چیتان کرد؟**

وازمان لێهێنا کوڵماندا.

**ئەوکاتەی لە جێژنکا بوون لە خۆتان ئەمین بوون؟**

هەرگیز ئەمین نەبووین کە سەردانی سلێمانیشم دەکردەوە هەر زۆر دەترسام.

**تا چەند لە ئەدای حکومەت و دەسەڵاتی کورد رازیت؟**

من هەتا ئەم چرکەساتەش لەناو هیچ دامودەزگایەکی ئەنفالدا ناوم نییە، نە وەزارەت و نەدەزگایەکی ئەنفال نە ناوم دەزانن و نەدەشزانن من هەم.

**پێتخۆشه بزانن؟**

پێمخۆش بوو من وەکو هاورێکانم شتێکم هەبوایە.

**جا هاورێکانت چییان بۆ کراوە؟**

چۆن بەلای کەمەوە ئەوان چوون بۆ مەحکەمەی بەغداو لەدژی سەدام و دارودەستەکەی شاهیدیاندا. من تەنانەت لە سەنتەری ئەنفالیش ناوم نییە! تۆ بیهێنەرە پێش چاوت تەنانەت پارەچە وەرەقەیەکی مۆرکراوم پێنییە کەمن لەو وەزعە رزگارم بووە.

**جا سەنتەری ئەنفال چیت بۆ بکەن؟**

هەموو وەڵامەکەی عەلی بەندی لەسەنتەری ئەنفالی دهۆک ئەوە پێم دەلێت تۆ عایدی دهۆک نیت. لەگەڵ رێزێکی زۆرم ئەوانەی لەکاروباری ئەنفال دانراون هیچیان شایانی ئەو شوێنانە نین. دەبوایە خەڵکانێک بوونایە موعاناتی ئێمە تێبگەیشتنایە.

**بەڵام عەلی بەندی ناتوانێت هیچ بۆ تۆ بکات، چونکە ئەو چی بەدەستە؟ خۆ سەنتەرەکەی ئەوانیش حکومی نییە!**

خۆ ئەگەر پێناسێکیان بۆمن بکردایە سەربەرزی بوو بۆ سەنتەرەکەی خۆیان. چۆن من شایانی ئەوەنەبووم پارچە وەرەقەیەکم بدەنێ بڵێن تۆ لەمەرگی ئەنفال دەربازبوویت. ئێستاش لە ٨٠٪ی هاورێ و نزیکەکانی خۆم نازانن من توشی ئەو تاوانەگەورەیە بووم ئیتر میللەتەکەم چۆن بیزانێت؟

**به كورتی پێمبلێ بەبڕوای تۆ چی بۆ ئەنفالكراوە؟**

هیچ

**سدقی دەربازبوویەكی تری كۆمەڵكوژی كورێمێیە، بەڵام من ناییناسم ئەو لە كوێ دەژی؟**

ئەو ئێستا لەوڵاتی سویدە.

**پەیوەندیت هەیە لەگەڵیدا؟**

بەڵێ

**خۆی ڕۆیشت یان ڕێكخراوەكان بردویانە؟**

بە هەوڵی خۆی ڕۆیشتووە..

**فەتاح برای سدقی بوو؟**

بەڵی.

**ئەو چۆن دەربازبوو، دواتر چۆن بێسەروشوێنكرا؟**

هەر ئەوەندە دەزانم ئەویش دەربازبووە، لەوە دەچێت هەر لەكاتی تەقەكاندا رای كردبێت، كەسمان فەتاحمان نەدیت لەناو تەرمەكاندا بجوڵێتەوە یان هەستێتەوە، دواتر كە گۆڕەكەشیان هەڵدایەوە لەناو تەرمەكانیشدا نەبوو، ئیتر وونبوو.

**حەزت کردووە لەبارەی ئەو تاوانەوە دیدارێکی تەلەفزیونیت لەگەڵدا سازبکرێت؟**

قەت هەوڵم نەداوە.

**هەوڵ ناڵێم دەڵێم حەزدەکەیت؟**

وەڵڵا تازە بیست و سێ ساڵ تێپەڕی و خۆشم زۆر حەزم نەکردووە. هەتا ئێستا هەر برادەرەکانم دەرکەوتوون، من وام لێهاتووە هەر بەجارێک واز لە قسەکردنیش بهێنم لەسەرتاوانەکە.

**ئەی ئەوەنییە گللەیت هەیە لەسەر ئەوەی برادەرەکانت دەرکەوتوون و تۆ دەرنەکەوتوویت..؟ پێمخۆشە بزانم ئەوەی وای لێکردوویت دەرنەکەویت چییە؟**

ئەوەش هۆکاری حزبە کە دەست دەخاتە ناو ئەو کاروبارانەوە، سەنتەری ئەنفالە، وەزارەتی شەهیدو ئەنفالە زۆر هۆکار هەن. ئەو دۆسێیە دۆسێی پارتی و یەکێتی نین خۆ کە ئێمە گوللەباران کراین لەسەر پارتی و یەکێتی بوونمان نەبوو. لەسەر کوردبونمان بووە. هیچ سەرکردەو حزبێک مافی ئەوەی نییە بڵێت ئەنفال هی منە.

**مەبەستت ئەوەیە بڵێیت ئەنفال ناسنامەی حزبی نییە ناسنامەی نەتەوەیی هەیە؟.**

بەڵێ. بێگومان. ئەمە ناسنامەیەکی نەتەوەیی هەیە ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتە و خەڵکی بێچەک شاهیدی ئەوەن کە ئەوانە هیچ ناسنامەیەکی حزبییان نەبووە.

**دوبارەی دەکەمەوە پێتخۆشە ئەم دیدارە لە ئەنفالستاندا، یان بە کتێبێک بڵاوبکرێتەوە؟**

بەڵێ من لەخزمەتی هەموو خەمخۆرێکی ڕاستەقینەدام. کاک ئومێدێک هات بۆ لام لەو ڕێکخراوەی باسم کرد ئەدرەسیم لایە، خەڵکی سلێمانییە دیداری لەگەڵ کردم. ئەویش هەستمکرد نیازپاکە.

**من شتێکم نەماوە ئەگەر خۆت شتێکت هەبێت باسی بکەیت.**

من زۆر زۆر خۆشحاڵ بووم بەناسینت، دەزانم ئەمە ئەرکێکی قورسە بێگومان ئەوەی لەتوانای مندابێت هاوکاریت دەکەم، هیوادارم سەرکەوتووبیت لەم ئەرکە پیرۆزەدا، هیوادارم هیچ شتێک نەبێتە ڕێگر لەبەردەمتدا، زۆر سوپاسی کاک شوانیش دەکەم کە ئەرکی وێنە گرتنەکەی گرتە ئەستۆ، هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەم دۆسێیە فەرامۆش نەکات.

## کورتەیەک دەربارەی قۆناغی هەشتەمی ئەنفال.

## (ئەنفالی بادینان )

سنوری پەلامارەکانی قۆناغی هەشتەم یان (ئەنفالکردنی ناوچەی بادینان) (هەموو گوندەکانی پارێزگای دهۆک، قەزای زاخۆ، باتوفە، کانی ماسی، زێوە، دێرەلوک، ئەتروش، زاویتە)ی گرتەوە، لە دوای ئەنفالی گەرمیان لە رووی ژمارەی قوربانییەوە بادینان بەترسناکترین قۆناغەکانی ئەنفال دەژمێردرێت لە رووی وێرانکاری و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ژمارەی قوربانییەکانییەوە. بەپێی ڕاپۆرتی ژمارە ٨/٢٨/ لەبەرواری ١٩٨٨/٩/٣ ی فەیلەقی پێنج کە لیوا رکن یونس محەمەد زەرب واژۆی کردووە ئەنفالی کۆتایی بۆ نەهێشتنی (تێکدەران) و بارەگاکانیان لەسنوری بەرپرسیارێتی فەیلەقی پێنجدا کە دەکەوێتە سەرسنوری رۆژهەڵاتی باکورو سنوری تورکیاو کە لەمێژە لە ژێر دەسەلاتی ئێمەدا نەماون. بۆ ئەم مەبەستە سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان بەسەرپەرشتی بەرێز سەرۆکی ئەرکانی سوپا لەکۆنگرەی خۆیدا لەشاری کەرکوک بەرواری ٧ی مانگی ١٩٨٨ راسپاردەی ئەوەی دا کەوا بۆ بەجێهێنانی عەمەلیاتێکی فراوان لە سنوری هەردوو فەیلەقی یەک و پێنجدا ئەرکی خۆیان بەجێبهێنن بە تێبینی ئەوانەی خوارەوە:

١. ئامانج لەو عەمەلیاتە لەناوبردنی تێکدەران و کۆنترۆلکردنەوەی ئەو ناوچانەی لەژێر دەستیاندایە.

٢. بەگیروگازبهێنرین و دەربکرێن.

٣. نابێت نەرمی لەگەڵ تێکدەران و ئەو کەسانەی هاوکاریان دەکات

بنوێندرێت.

بەشێوەیەکی گشتی راپۆرتەکەی جەنەراڵ یونس محەمەد زەرب وردەکارییەکی زۆری لەسەر سەختی ناوچەکەو شیو و دۆڵ و چیاکان و هێزەکانی سوپاو هێزەکانی پێشمەرگەو رۆڵی جاشە کوردەکان و تەنانەت زەرەو زیانەکانیش تێدایە بەپێی ئەو راپۆرتە لە ئەنفالی کۆتایدا ١٣ سەرکردایەتی فرقەکانی ( ٤ -٧ -٢٩ -٢٥ -٤١ - هەروەها هێزەکانی ٣٨٤١ - ٤٥ و سەرکردایەتی جحافلی بەرگری نیشتمانی — جاش -) بەشداری کاریگەیان کردووە، سەرجەم هێزەکەیان بریتی بووە لە ٢٩ لیوا و ٧ کەتیبەی تانگ و ٢ سریەو ٤ کەتیبەی زرێپۆش و ٢٤ کەتیبەی سەدام و ٢٤ بەتاریەی حەرس جمهوری و ١٧١ فەوجی جاش بەشداربوون، راپۆرتەکە بەراشکاوی ئاماژەی بە رۆڵی چەکە کیمیاویەکان کردووەو دەڵێت رۆلێکی کاریگەریان هەبووە. تەنانەت شوێنی بەشدارییەکەشیان لەراپۆرتەکەدا دیاریکراوە. کە بەپێی ئەو ئامارانەی لە بەردەستن تەنها لە ناوچەی بادینان سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٨٨ تا ٢٩ی ئاب نزیکەی ٧٧ لێدانی چەکی کیمیاوی لەگوندەکان و بناری چیا بەناوبانگەکان ڕویداوە[١٥] و نزیکەی ٥٠٠ کەسیش بەرچەکی کیمیایی کەوتوون، بەپێی ئامارێک کە لە بەردەستدایە هەتا ساڵی ٢٠٠٨ کۆی ٢٨٧ کەسیان گیانیان لەدەستداوە لەوانەش هەندێکیان هەر لەجێداو ئەوانی تریش ڕۆژانە بەدەم بریندار بوونیانەوە گیانیان لەدەستداوە.[١٦] هەر بەپێی ئامارێک کە

---

١٥. هەژار عەزیز سورمێ کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردن – 2006 لاپەرە -227 230 - هەرچەندە هەردوو گوندی برجینیء وەرمیلێ لە خشتەکەی پارێزەر هەژار سورمێ دا ناویان نەهاتووە بەڵام ئەو دوو گوندەش بەرچەکی کیمیاوی کەوتوونء قوربانییانداوە.

١٦. ئەو ئامارەی ئاماژەی بۆکراوە لەدەستنوسێکی رێکارمزوری وەرگیراوە کە بۆ ساڵنامەی

لەراپۆرتەکەی جەنەراڵ زەربی فەرماندەی فەیلەقی پێنجدا هاتووە ١٤٤٧٣ کەس گیراون ئەوانیش ٢٢٥٣ کەسیان پیاو بوون و ٣٣٠٣ کەسیان ژن و ٧٨٤٧ یان منداڵ و لەگەڵ ٢١١ کەس کەخۆیان تسلیم کردووەو ٤٨٠ کەسی تریش لەتێکدەران گیراون.[١٧]

پەلامارەکانی ئەنفالی هەشت لەم قۆڵانەوە ئەنجامدراوون :

- لە زاخۆوە بەرەو گلناسکی و چیای بێخێر.
- لە زاخۆوە بەرەو حەوزەی خاپور.
- لە کانی ماسییەوە بەرەو زیوە، شکاڤ ئامێدی و ڕەشاوە.
- لە شکۆفەوە بەرەو یەکماڵە، بامەرنی، چیای مەتین
- لە گەلی باڵێندەوە بەرەو شەمدینان، بیبوو و ئارتش. لە شێروان مەزنەوە بەرەو حەوزی بارزان.
- لە باتوفەوە بەرەو مانگێش (دۆسکی) و زاویتە.
- لە بادینارتێ بەرەو بلەو بارزان.
- لە سەرسەنگەوە بەرەو مەرگەتی و چیای گارا. لە ئەتروشەوە بەرەو سێدەرە.
- سوارەتوکە بەرەو ئەسپێندارو ئاتوش. هەرچەندە لە زۆربەی

---

ئەنفالستانی ناردووەو هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

١٧. ئەنفالکرنا بهدینان چاپێ سێ – چاپخانا خاک راپۆرتی ئەنفالی کۆتایی لاپەرە ٢١٨ .

ناوچەکانەوە سوپا روبەرووی بەرگری پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەبووە بەڵام هێزو تفاقی جەنگی دەستی پێشمەرگە لەو ئاستەدا نەبوو بتوانێ پێش بە پەلاماری ئەنفال بگرێ کە سوپایەکی پڕچەک و هێزی قاڵبووی ٨ ساڵ جەنگی عێراق- ئێران بە مۆدێرنترین چەکی ئەو سەردەمە بەچەکی کیمیاویشەوە پەلاماریان دەدا.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٥ ەوە بۆردومانی کیمیاوی لە زۆربەی ناوچەکانی بادینان دەستیپێکرد بە نیازی کۆمەڵکوژی لانیکەم تۆقاندن و بەچۆکداهێنانی پێشمەرگەو گوندنشینەکان، بەپێی راپۆرتەکەی زەربیش کیمیاوی رۆڵی کاریگەری هەبووەو بەواتا سایکۆلۆجیەکان، ئەم هێرش و پەلاماردانە بە ڕادەی ئەوەی کە ڕژێم چاوەڕوانیان بوو کاریگەرو وێرانکەر بوون. بۆردومانەکان لە سەرانسەری بادیناندا پێشمەرگەو خەڵکی مەدەنییان تۆقاند. هەر دەسبەجێ دوای بۆردمانەکان، دەنگوباسی خراپ لە گوندەکاندا بڵاوبۆوە کەوا بەرگریکردن بێسوودە. کوڕێکی گەنجی پێشمەرگە کە خەڵکی گوندی سپینداره بەم شێوەیە بۆ میدڵ ئێست وۆچ دواوە: «تەنانەت پێش ئەوەش کە سوپا بگاتە گوندەکەمان پەیامێکمان لە مەسعود بارزانییەوە پێگەیشت بەرگری نەکەین. سەرکردایەتی پارتی دیموکرات پێیڕاگەیاندین کە (هەموو شتێک تەواو بوو، شۆڕش کۆتایی هات و ئێمە بە دەستی ڕووت ناتوانین شەڕی چەکی کیمیایی بکەین). هەروەها لقی یەکی KDP یش پێیڕاگەیاندین ( ئێوە یەک ڕێگەتان لە بەردەمدایە: ئەگەر دەتانەوێ خۆ بدەنە دەستەوە بیکەن بۆ ڕزگارکردنی خەڵکە مەدەنییەکە، چونکە پارتی لەتوانایدا نییە مشووری کارەساتی

ئەم هەموو خەڵکە بخوات). ئێمەش نەماندەتوانی ئەم هەموو پیرو منداڵە بگەیەنینە سنوور[١٨]

لەو پەلامارە کیمیاویانەدا شاخی گاراو گوندەکانی ناوچەی بێگۆڤەو گوندەکانی کانی ماسی و بالوکە و باوەرکە گڤری و مێرگێتی و گیزێ گێلناسکێ بیرجینی بیلجانەو تێلاکرۆ روسێ و زێوێ دەستیپێکرد و لە زۆر جێگە قوربانیی لێکەوتەوە. ئەم پەلامارە کیمیاوییە، هێندە بەربڵاو بوو کە تەواوی ناوچەکانی بادینانی گرتەوە . ئەمەش ترسێکی زۆری خستە دڵی گوندنشینەکانی بادینانەوەو خەڵکێکی زۆریشی لێکوشتن و هەندێکیشیان برینداربوون و هەرچۆنێک بووە خۆیان گەیاندە تورکیا. لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێین کەکیمیابارانی ناوچەکانی بادینان، بەسە بۆئەوەی حکومەتی بەعسی بەدرۆبخرێتەوە کە گوایە کیمیایی لەسەر سنورەکانی ئێران بەکارهێناوە بە مەبەستی بەرگریکردن لە سوپای ئێران، ئەو ناوچانەی کیمیاباران کران، بەهیچ شێوەیەک سنوریان بەسنوری ئێرانەوە نەبوو .

لەبەرواری ١٩٨٨/٨/٢٨ یشەوە سوپای ئەنفالچی بەچاوساغی و پاڵپشتی ١٠ فەوجی جاش و دەیان هەزار جاش لە چەندین قۆڵەوە، بەگرموهوری تانک و هێرشی زەمینی پەلاماری گوندو چیاو دۆڵەکانی ناوچەکەیاندا و فرۆکەی سەمتیش بەراسەرەوە دەسوڕانەوە.

١٨. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، دهۆک، 2 ی حوزێرانی 1992. بۆ زانیاری زیاتر بروانە جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد . 2004 لاپەرە 343

## هێزەکانی بەعس

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەراپۆرتێکی فەرماندەیی فەیلەقی پێنجدا بەردەستکەوتوون بە ژمارە ٢٤٢٢ لەبەرواری ٢٥ی کانونوی یەکەم ١٩٨٨ دەرچووە هێزی حکومەتی بەعس لەو پەلامارەدا بریتی بووە لە ٣٨ لیوای پیادەو دوو لیوای زرێپۆش و سێ کەتیبەی تۆپ و ١٧١ سەدو حەفتاو یەک فەوجی جاش کە سەربە فەرماندەی جەحافلی دیفاعی وەتەنی پێنج بوو[١٩] ڕاپۆرتەکانی هەواڵگریی سەربازی و مەدەنی کە دراون بە لیوا ڕوکن یونس محەمەد زەربی فەرماندەی فەیلەقی پێنج باسی ئەوەیان کردووە کە سەرجەم ژمارەی هێزی «تێکدەران» لە بادیناندا لە ٢٦٠٠ کەس زیاتر نەبووە[٢٠]. کەچی عەلی حەسەن مەجید لەبەرامبەر ئەو هێزە کەمەی پێشمەرگە ٢٠٠٠٠٠ دوسەد هەزار سەربازی ناردە سەرناوچەی بادینان[٢١] هەر بەپێی ئەو راپۆرتەی فەیلەقی پێنج ئەوە روندەبێتەوە کەتیپی پیادەی ٢٩ تاوانەکەی گوندی کورێمێیان ئەنجامداوە کە لەم هێزانە پێکهاتبوون:

---

١٩. بروانە شۆڕش حاجی (الانفال کورد و دوله االعراق) سلیمانی – 2005 ترجمه میدریه الترجمە/ وزاره الثقافه ص 177 – 180

٢٠. مەزەندەی سوپا ئەوەبووە کە ژمارەی هێزەکەی پارتی خۆی لە 1800 تا 2000 جەنگاوەردەدا لە بادیناندا بە سەر نزیکەی شەش کۆمیتەی ناوچەییدا دابەش بووە. هەروا 250ـ 300 پێشمەرگەی یەکێتی لە دۆڵی زێوەشکان بوون. هەروەها 200 ـ 220 کەسی حزبی شیوعی عێراق و 70 چەداری پارتی گەلی سەربە سامی عبدالرحمن.
چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ لە گەڵ هۆشیار زێباری، واشنتۆن، ٧ی حوزێرانی ١٩٩٣.

٢١. بروانە جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد – چاپی دووەم 2004 وەرگیرانی محمد حەمەسالح تۆفیق لاپەرە 343 .

١. لیوای پیادەی ٤٣٥
٢. لیوای پیادەی ٢٣٨
٣. لیوای پیادەی ٨٤ لەگەڵ ١٠ فەوجی جاشە سووکەکان و بەپاڵپشتی کەتیبەکانی تۆپ و زرێپۆش.[٢٢]

بەگشتی هێزەکانی حکومەت دوای بەرەنگاربونەوەیەکی لاوازی پێشمەرگە توانییان هەموو گوندەکانی ناوچەکە داگیربکەن و لەگەڵ زەوی تەختیان بکەن و خەڵکەکەشی ئەنفال بکەن. لە ڕاپۆرتێکی فەیلەقی پێنچ، دەربارەی دوا قۆناغی ئەنفال لە بادیناندا هاتووە کە لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٣٠هێزەکانی سوپای عێڕاقی و جاشەکان دوای بەرگریەکی سەختی پێشمەرگە توانیویانە تەواوی بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە و هەموو سەنگەرەکانیان داگیر بکەن و بە هەزاران کەس لە گوندنشینەکانی بادینان، لەئەنفالی هەشتدا کەوتنەدەستی هێزەکانی حکومەتی عێڕاقی و بەشێوەیەکی دلڕەقانە مامەڵەیان لەگەڵدا کراو بەرەو کەمپەکانی نزارکێ لە دۆهۆک و کەمپی سەلامیەی سەر بەپارێزگای موسل بران و کەمینەیەکیان نەبێت دوای ئازارو مەینەتی ئازادکران ئەوانی تر بێسەروشوێن کران، قۆناغی هەشتەمی بادینان لە دوای قۆناغی سێی گەرمیان بە خوێناویترین قۆناغ دەژمێردرێت لە زەرەروزیانی گیانی و ماڵیدا بە لەبەرچاوگرتنی هەندێک جیاوازیش لە نێوان ئەنفالکردنی ئەو دوو دەڤەرەدا، بەڵام زۆربەی هەرە زۆری قوربانییە بێسەروشوێنکراوەکانی ئەنفال دەکەونە سنوری ئەم دوو ناوچەیەوە ئەگەرچی هێشتا بۆ هیچ کامیان ئامارێکی ورد نییە بەڵام

٢٢. شۆرش حاجی هەمان سەرچاوەی هەمان لاپەرە.

واپێشبینی دەکرێت لە بادینان ١٣ هەزار کەس و لەگەرمیان ٢٠ هەزار کەس کوژرابن، جیاوازیی ئەنفالی بادینان و گەرمیان لە مامەڵەی سوپادا مەسەلەیەکی دیارو بەرچاوە لەوانە هیچ کەسێک لە ئەنفالکراوەکانی گەرمیان لەناوچەکەی خۆیاندا یان لەکەمپەکانی کۆکردنەوەدا بەبەرچاوی کەسوکاریانەوە نەکوژراون بەڵام لە بادینان بێجگە لەکۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ کە ٣٣ پیاو درانە بەر دەستڕێژی گوللە، لەنزارکێ و کەمپی سەلامییە زۆر لەپیاوەکانیان بەپێشچاوی ژن و منداڵەکانیانەوە بە بلۆک کوشتبوو ئەمە ئەو شایەتحاڵانە بۆ ئەنفالستانی ژمارە یەکیان گێڕابۆوە کە لە قەڵای نزارکێ دەستبەسەربوون و کوشتنی پیاوەکانیان بە چاوی خۆیان دیبوو. هەروەها منداڵانیان خستبووە بەرمیلی ئاگرەوە. ئەمانەو تاڵانی گوندنشینەکان کە سەدان ئافرەت لەئەنفالی بادیناندا گوارەو ئەڵقەی پەنجەکانیان لەلایەن جاش و سەربازەوە لێسێنراو بەپێشچاویانەوە ماڵیان تاڵان دەکرا.

خەڵکی بادینان لەم پەلامارەدا تەواو پەرتەوازە بوون، هەندێکیان هەر زوو لە دەوروبەری گوندەکانیان گیران، بەشێکیشیان لە بناری چیاکان و لە ناو دۆڵ و ئەشکەوتەکاندا گیران و ئەوانەشی دورکەوتبوونەوە و دەیانویست دەربازبن لە ڕێگەی تورکیاو ئێران پێشیان پێگیراو دەستگیرکران، دواتر هەموویان دوای پۆلێنکردن ڕەوانەی کەمپەکانی نزارکێ و سەلامیە کران و زۆربەی هەرە زۆریشیان بێسەروشوێنکران و نەگەڕانەوە.[٢٣]

---

٢٣. دیداری مەیدانی نوسەر لەگەڵ هەندێک لەدەربازبوانی ناوچەکە.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە سەنتەری ئەنفال لە دهۆک داوێتیە دەستەوە بە نزیکەی ۸۰۰۰۰ کەس دەخەملێندرێت. بەشێکی زۆر کەمیشیان توانیبویان لە سەر چیا بەرزەکان و لەناو ودۆڵ و ئەشکەوتە قایم و نەدیوەکاندا خۆیان بشارنەوە تا لێبوردنە گشتیەکەی ۷ی ئەیلول هاتنە خوارەوەو خۆیان دایەدەستەوە، بەڵام سەرباری ئەو هەموو مینەتی و پاکتاوکردنە بێڕەحمانەیەش کەچی ئەنفالکراوەکانی ناوچەی بادینان نەیانتوانیوە وەکو پێویست سود لە ئازادکردنی کوردستان لە چنکی بەعس وەرگرن، نمونەش مانەوەو ژیانی هەندێک لە ئەنفالکراوەکانی گوندەکانی بادینانە کە هەتا ئێستا لە هەمان قەڵای نزارکیدا دەژین کە لەسەروەختی ئەنفالدا لێی دەستبەسەربوون.

ئەو هێزانەی سوپا کە کەوتبوونە گیانی خەڵک تەوجیهاتی تایبەتیان لە نوسینگەی رێکخستنی باکوری حیزبی بەعس و خودی عەلی حەسەن مەجید بۆ دەهات.

ئەوانەی لە ئەنفالی هەشتەمدا دەگیران، خێرا رەوانەی بەرێوەبەرایەتی یان معاونیەتەکانی ئەمنی شار و شارۆچکەکانی دەوروبەر دەکران لەوانە سەرسەنگ، زاخۆ، هێزاوە، بێرسڤی. ئەوانەی کورێمیش بەهەمان شێوە رەوانەی مانگێش «دۆسکی» کران و لەوێشەوە پۆلێن دەکران و رەوانەی قەڵای نزارکێ و کەمپی سەلامیە دەکران، کە دو سەربازگەی گەورەی شارەکانی موسل و دهۆک بوون، ئەمە پاشئەوەی ئەمن لێکۆڵینەوەی لەگەڵ هەموویان دەکردو ناونوسدەکران.

هەریەک لە قەڵاکانی نزارکێ لەناوچەی بادینان و سەلامیە لە موسل، تارادەیەک هاوشێوەی تۆپزاوابوون لە ڕێوشوێنگرتندا هەروەها وەک سەربازگەی تۆبزاواش وابوون کە لە نزیک شاری کەرکوک بۆ کاروباری ئەنفالکراوەکان ئامادەکرابوون، قەڵای نزارکێ وەکو قۆرەتووی مەیدان وابوو کە بۆ کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکانی گەرمیان سازو ئامادەکرابوو، بە هەمان شێوە نزارکێش ببووە سەنتەری کۆکردنەوەی گیراوەکانی ئەنفالی هەشتی ناوچەی بادینان. بەڵام لە نزارکی جیاوازیەکی بەرچاو هەبوو ئەویش ئەوەبوو کە دوای ئەوەی هەموو گیراوەکان جارێکی دی لێکۆڵنەوەیان لەگەڵ دەکراو ژن ومنداڵیان لە پیاوان جیادەکردەوە بە بەرچاوی خێزانەکانیانەوە پیاوەکانیان ئازارو ئەشکەنجەداوەو تەنانەت هەندێکیان بە بلۆک سەریان تەقاندبوون و کوشتبوویانن ئەمە ئەو جیاوازیە بوو کە لەگەڵ ئەنفالی ناوچەکانی تردا بەدیدەکرا. هەروەک ئەو کۆمەڵکوژییەی لە گوندی کورێمیش رویدا. ئەمە جگەلەوەی هەندێک منداڵیشیان بە پێشچاوی دایکەکانیانەوە لە بەرمیلی پڕ لە ئاگردا سوتاندبوو. ئەمەش لەهیچ شوێنێکی تر روویان نەدابوو تەنانەت لە تۆپزاواش.

لە قەڵای نزارکێدا تاوانی گەورە ئەنجامدرا بەداخەوە هێشتا وەکو ئەوەی پێویستە دەربارەی ئەنفالی بادینان و ئەو قەڵایە شتێکی ئەوتۆ نەکراوە، لەو قەڵایەدا بە عسیەکان دەست ئاواڵابوون بۆ ئەنجامدانی هەر تاوانێک هیچ ڕەفتارێکی ناپەسەند و ئابروبەر سانسۆری لە سەر نەبوو. سەربازو ئەمنەکان بە کەیفی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ گیراوەکاندا دەکرد و تاوانیان ئەنجامدەدا، تەنانەت لە شێوزای کوشتنیش ئازاد بوون، شێوازی

ئەشکەنجەدان و دەستدرێژی سێکسی نەک هەر تابۆ نەبوو بەڵکو بۆیان حەڵاڵکرابوو کە ئەمەش نەریتێکی کۆنی عەرەب بووەو لە ئەنفالدا برەوی پێدرابۆوە. هەر لەو سۆنگەیەشەوە بوو کە سەربازەکانی قەڵای نزارکێ پەلاماری ژنەکانیان دەداو زۆرجار هەر لەناو قاعەکاندا بێحورمەتیان بە ژنان دەکرد، یان دەیان بردنە خوارەوەی قەڵاکەو لەوێ لاقەیان دەکردن و ڕەفتاری ئابوربەرانەیان ئەنجامدەدا کەچی ئەم ڕەفتارە قێزەونانە نەدەبوونە تاوان..؟! لەکاتێکدا ئەفسەرو پلەدارەکان عیبادەتیان دەکردو زۆریشیان پشتاوپشت خۆیان دەبردەوە سەر خولەفاکانی ڕاشدین.

برسی کردنی زیندانییەکانیان تەنها جۆرە ئەشکەنجەیەک نەبوو بەڵکو ئامادەکردنیشیان بوو بۆ مردن ئامانج لە برسی کردنی ئەنفالکراوەکان ئەوەبوو کاتێک بەرەو کۆمەڵکوژی دەبرێن توانای بەرەنگاربوونەوەیان نەمێنێ هەروەها ئەو لۆژیکەشیان هێنابووە گۆرێ (مردوو پێویستی بەخۆراک نییەو خەرجیەک کەمتر)


ئەو ژن و منداڵانەی قەڵای نزارکێیان بینیوە ناهەموارترین ڕۆژەکانی ژیانیان تێپەڕاندووەو دڵنیام هەروا بەئاسانی ئەو دڵشکانەیان چاک نابێتەوەو بە دروشم و بەڵێنی جێبەجێنەکراو ئەوەندەی تر دڵیان دەشکێ چونکە لە نزارکێ و نوگرەسەلمان ئەوەندە پەراوێز خرابوون و برسی کرابون چەندین منداڵ لەبرساو چەندین ژنیش لە فیراقی مردنی منداڵەکانیان و لە فیراقی ناموسیان مردن و سەرباز تەرمەکانیان بردن و هەتا ئێستاش نازانرێ لەکوێ ژێر خۆڵدراون. دڵنیام ئەوانەی مانەوە مەرگی خۆیان بە ئاوات

خواستووە نەک بەو شێوەیە بژین، قەڵای نزارکێ بەهەمان شێوەی قەڵای نوگرەسەلمانەوە ببووە دۆزەخی ئەنفالکراوەکان، یادەوەری هەریەک لەو دوو قەڵایە بۆ ئەنفالکراوەکان جگەلە دۆزەخێک هیچی تر ناگەیەنێ چیرۆکە ترسناک و قێزەوونەکانی نزارکێ هەرگیز لە یادی ئەنفالکراوەکان ناچنەوە ئەو حەشاماتەی لێی کۆکرابۆوە بەشێوەیەک بەسەریەکدا ترنجێندرابوون هەناسەدان بەزحمەت بووە، تەنانەت بەندییەکان سەرئاویشیان لێ قەدەغە بوو دەبایە هەر بەبەرچاوی هاوبەندیەکانەوەو هەر لە ناو قاعەکاندابێ..!! ئەمەش ئازارێکی سایکۆلۆجی زۆری بۆ بەندیەکان هێنابووە پێشێ.

ئەگەرچی دەربازبوانی کۆمەڵکوژی کورێمێ (هاشم و ئەبابەکر، عبدالقهارو عبدالکریم، سدقی) بە قەڵای نزارکێدا تێپەریون و لەوێوە رەوانەی ئۆردوگای جێژنیکان کران و دواتریش دەربازبوون[٢٤] بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە نزارکێ وەکو خۆی نەبینین چونکە لەپێش ئەوەی ئەوانی بۆ بێنن نزارکێ گۆرستانێک بوو بۆخۆی و هەندێک لە پیاوەکانیان لێرە کوشت و بۆ ژنەکانیش جەهەنەمێکە هەرگیز لە بیرناچێتەوە.

٢٤. ئەو مرۆڤانەی دەبوو جیهان بهەژێنن لیکۆلینەوەیەکی مەیدانی نوسەرە کەلە کۆنگرەی سێهەمی گۆرەبەکۆمەلەکانی عێراقدا لە ١٨ی نیسانی ٢٠١١ پێشکەشکرا.

دەربازبووانی کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ



لەراستەوە:

هاشم محەمەد ڕەشید

عەبدالقهار خەلیل محەمەد

ئەبابەکر عەلی سەعید

عەبدالکریم نایف حەسەن

سدقی عەبدولقادر فەتاح (وێنەی نییە)

فەتاح عبدالقادر فەتاح (وێنەی نییە)



وێنەی قەڵای نزارکێ لە دهۆک



**ناوی ئەو کەسانەی لەکۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ دەرباز نەبوون و هەر لەجێدا گوللەبارانکران و کوژران:**

خەلیل محەمەد

سەلام خەلیل محەمەد

عەدنان خەلیل محەمەد

ظاهر مصطفى صادق

زبير مصطفى صادق

حميد عبدالله قادر

صديق عبدالله قادر

سگڤان عبدالله قادر

شعبان حسين قادر

سلام حسن ميرزا

صالح حسن ميرزا

خالد مصطفى اسماعيل

صلاح مصطفى اسماعيل

جبار حمدى مصطفى

مراد عوسمان مصطفى

عبدالرحمن حسين عمر

حجى سليمان اسماعيل

فتاح محمد فتاح

احمد يعقوب جاسم

محمد يعقوب جاسم

اكرم شريف فتاح

موسى شريف فتاح

عبدالستار شريف فتاح


نورى عبدالقادر فتاح

فاظل حسن طاهر

رشيد جعفر طاهر

مراد كريم يعقوب

# پاشکۆکان






**گۆڕستانی شەهیدانی گوندی کورێمێ**




هاشم دوای بیست و سێ ساڵ

لە هەمان شوێنی کۆمەڵکوژییەکە دانیشتووە



دوای بیست و سێ ساڵ لە هەمان شوێنی کۆمەڵکوژییەکە





الجمهورية العر...

قائمقامية قضاء مركز اربيل

الادارة العامه

العدد / ٨٠٦

التاريخ / ٢٠/٩/١٩٩٠

(( من يهمه الامـ...


بناء على ماجاء بكتاب محافظة اربيل – المراسلات ...

نؤيد بان المواطن ( صالح محمد ... )

الى الصف الوطني ومن مواليد / ١٩٦٣ و...

رقم القطعه / ٢٥٢٥ ولعدم التعرض ...

اشهر اعتبارا من تاريخه اعلاه ولغرض مراجعته



...ـه

...ر ))

...السريه ٤٧٠٧ في ٢١/٨/ ١٩٩٠

) والملصق صورته اعلاه هو من العائدين

...سكن المدينه الجديده ( جزنيكان )

...زودناه بهذا التأييد وتعتبر نافذه لمدة (٣) ثلاثة

الدوائر المعنيه لاكمال معاملته رجاء ه

عبد المجيد سمين على

قائممقام قضاء مركز اربيل



**خانويەكى روخاوى گوندى كورێمێ**




**گۆڕى دوو شەهيدى كۆمەڵكوژى گوندى كورێمێ**




**کۆنگرەی سێهەمی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی عێراق هەولێر١٧ی نیسانی ٢٠١١**

**لەراستەوە: ئەبابەکر، عەدالەت عومەر، هاشم محەمەد، سمکۆ سابیر، عبدالقهار خەلیل، عبدالکریم نایف**




**کۆنگرەی سێهەمی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی عێراق هەولێر١٧ی نیسانی ٢٠١١**

**لەراستەوە: عومەر محەمەد، عبدالقهار خەلیل، ئیمان الرکابی، هاشم محەمەد**

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

١. بروانە میدل ئێست وۆچ – جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد – چاپی دووەم – ٢٠٠٤ وەرگیرانی محمد حەمەسالح توفیق – لاپەرە ٣٣٩ – ٣٤١. بروانە ئەنفالکرنا بەهدینان عەلی بەندی – بەرگی سێهەم – چاپخانەی خانی (نهێنی شەڕێ دوماهییا ئەنفالی) لاپەرە ١٨٥ – ٢١٩ « مەبەست لەراپۆرتەکەی فەرماندەی فەیلەقی پێنج لیوارکن یونس محەمەد زەرب»ە کە شیکردنەوەیەکی وردی بۆ ئەنفالی کۆتایی کردووە.

٢. بروانە ئەنفالستان ژمارە (٨) لاپەرە ٩ دۆسێی ئەو پیاوانەی لە دۆزەخ گەرانەوە.

٣. بروانە میدل ئێست وۆچ – جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد – چاپی دووەم – ٢٠٠٤ وەرگیرانی محەمەد حەمەسالح توفیق – لاپەرە ٣٦٦

٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو

٥. بروانە میدل ئیست وۆچ جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد – ٢٠٠٤ چاپی دووەهەم وەرگیرانی محەمەد حەمەسالح توفیق. لاپەرە ٣٧٠.

٦. لەکۆنگرەی سێهەمی گۆڕەبەکۆمەڵەکان کەماوەی سێ رۆژ پێکەوە بووین ئەبابەکر بەدەم گێرانەوەی ئەو چیرۆکەوە دەرەلینگی شەرواڵە کوردیەکەی راکێشاو شوێن پۆستاڵەکانی ئەو ئەفسەرەی پیشاندام کە هەتا ئێستاش شوێنەواری دیارە..!! نوسەر

٧. بروانە میدل ئیست وۆچ جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد – ٢٠٠٤ چاپی دووەهەم وەرگیرانی محەمەد حەمەسالح توفیق

٨. لەراستیدا ئەوانەی لەو تاوانەدا کوژران ٢٧ کەس بوون، چونکە لەکۆی ٣٣ کەس ٦ یان دەربازبوون کە یەکێکیان فەتاح خەلیل برای سدقی خەلیل بوو، کە دواتر بێسەروشوێنکرایەوە بەوپێیە دەبێت تەرمەکانی کورێمێ ٢٧ کەس بووبن نەک ٢٦.

٩. میدل ئێست وۆچ هەمان سەرچاوەی پێشەوە .

١٠. لە راپۆرتەکەی میدل ئێست وۆچدا کە ئێستا بریتیە لە کتێبێکی گەورە (جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد – وەرگیرانی محەمەد حەمەسالح توفیق) لەوێداو لە بەشی ئەنفالی کۆتاییدا، باسی هەڵدانەوە و ڕووپێو کردنی ئەم گۆڕانە کراوە لە کۆمەڵگای بەحرکە –جێژنیکان.

١١. لەهەمان راپۆتدا باس لەهەلدانەوەی ئەو گۆەرەشکراوە لە کۆمەڵگای بەحرکە کە زۆر لەئەنفالکراوەکانی ناوچەی بادینانی بۆ راگوێزرابوون.

١٢. هەژار عەزیز سورمێ کوردو جینۆسایدو ئیبادەکردن — ٢٠٠٦ لاپەرە ٢٢٧ – ٢٣٠ – هەرچەندە هەردوو گوندی برجینی و وەرمیلێ لە خشتەکەی پارێزەر هەژار سورمێ دا ناویان نەهاتووە بەڵام ئەو دوو گوندەش بەرچەکی کیمیاوی کەوتوون و قوربانییانداوە.

١٣. ئەو ئامارەی ئاماژەی بۆکراوە لەدەستنوسێکی رێکارمزوری وەرگیراوە کە بۆ ساڵنامەی ئەنفالستانی ناردووەو هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

١٤. ئەنفالکرنا بهدینان چاپێ سێ — چاپخانا خاک راپۆرتی ئەنفالی کۆتایی لاپەرە ٢١٨ .

١٥. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ، دهۆک، ٢ ی حوزێرانی ١٩٩٢. بۆ زانیاری زیاتر بروانە جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد . ٢٠٠٤ لاپەرە ٣٤٣

١٦. بروانە شۆڕش حاجی (الانفال کورد و دولە االعراق) سلیمانی — ٢٠٠٥ ترجمە میدریە الترجمە/ وزارە الثقافە × ١٧٧ — ١٨٠

١٧. مەزەندەی سوپا ئەوەبووە کە ژمارەی هێزەکەی پارتی خۆی لە ١٨٠٠

تا ٢٠٠٠ جەنگاوەردەدا لە بادیناندا بە سەر نزیکەی شەش کۆمیتەی ناوچەییدا دابەش بووە. هەروا ٢٥٠– ٣٠٠ پێشمەرگەی یەکێتی لە دۆڵی زێوەشکان بوون. هەروەها ٢٠٠ – ٢٢٠ کەسی حزبی شیوعی عێراق و ٧٠ چەداری پارتی گەلی سەربە سامی عبدالرحمن.

١٨. چاوپێکەوتنی میدڵ ئیست وۆچ لە گەڵ هۆشیار زێباری، واشنتۆن، ٧ ی حوزێرانی ١٩٩٣.

١٩. بروانە جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد — چاپی دووەم ٢٠٠٤ وەرگیرانی محەمەد حەمەسالح تۆفیق لاپەرە ٣٤٣ .

٢٠. شۆرش حاجی هەمان سەرچاوەی هەمان لاپەرە.

٢١. دیداری مەیدانی نوسەر لەگەڵ هەندێک لەدەربازبوانی ناوچەکە .

٢٢. ئەو مرۆڤانەی دەبوو جیهان بهەژێنن لیکۆلینەوەیەکی مەیدانی نوسەرە کەلە کۆنگرەی سێهەمی گۆرەبەکۆمەلەکانی عێراقدا لە ١٨ی نیسانی ٢٠١١ لە شاری هەولێر پێشکەشکرا.

## ماڵپەڕەکان:

## ماڵپەڕی ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالکردن و جینۆسایدکردنی گەلی کورد– چاک (www.chakinfo).

ماڵپەڕی گلگامیش http://www.gilgamish.org/viewarticle. (نص اللائحه الایضاحیه المقدمه من قبل هیئه الدفاع عن ضحایا جریمه الانفال الی محکمه الجنایات العراقیه العلیا)

http://saddamscruelty.blogspot.com/ القسوه لدی صدام حسین



## پرۆفایل

- عومەر محمەد قادر سالی ١٩٦٨ لەدایکبووە.
- خاوەن و سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان.
- دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلیمانی بەشی شانۆیە
- بەڕێوەبەری ناوەندی (چاک)ە لەکوردستان.
- ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٢ خاوەنی بڵاوکراوەی سپێدەبووە.
- شەرەفی ئەندامێتی فەخری لەرێکخراو و کۆمەڵەکانی قوربانیانی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان و دۆڵی جافایەتی و ڕێکخراوی «کارا» بۆ ئەنفال و دەستەی ناساندن و بوژاندنەوەی گۆپتەپەی شەهید پێبخشراوە.
- بۆردی ڕێکخراوی سپی بۆ ناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستانە.
- بەخۆبەخش سەرپەرشتی چەندین پرۆژەی فریاگوزاری و هوشیاری لەگوندە کیمیابارانکراوەکان و ئەنفالکراوەکان کردووە.
- ڕێزلێنانی کەسوکاری قوربانیان و ڕێکخراوەکانیانی پێشکەشکراوە.
- بەردەوام لە ماڵپەرو ڕۆژنامەکاندا دەربارەی ئەنفال و جینۆساید دەنوسێ.
- چالاکێکی بواری مافی مرۆڤە.




هاشم محەمەد ئێستا لەشاری سلێمانی دەژی و شۆفێرە لە بەرێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەو ئەندامێکی کارای ناوەندی چاکە لە نوسینگەی سلێمانی.

ئەو مرۆڤانەی دەبوو جیهان بهەژێنن لیکۆلینەوەیەکی مەیدانی نوسەرە کەلە کۆنگرەی سێهەمی گۆرەبەکۆمەلەکانی عێراقدا لە ١٨ی نیسانی ٢٠١١ پێشکەشکرا.